حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی – هەولێر

# کوردۆلۆجیی

## (کوردناسیی)

ئامادەکردنی

سەرۆکی لیژنە

د. مستەفا محەمەد کەریم

ئەندام

پ. د. جەلال ئەنوەر سەعید

ئەندام

م. صادق ئەحمەد عثمان

ئەندام

م. هەژار قادر ئیسماعیل

٢٠٢٤ – ٢٠٢٥

# وەرزی یەکەم

- کوردۆلۆجیی
- جوگرافیای کوردستان
- مێژووی کورد و کوردستان

## کوردۆلۆجیی

### زاراوە و چەمکی کوردۆلۆجیی:

زاراوەی کوردۆلۆجیی لە دوو وشە پێک دێت، (کورد)، واتە نەتەوەی کورد، (لۆجی)یش، واتە زانست. بە هەردووکیشیانەوە زاراوەی (کوردۆلۆجیی) پێکدەهێنن. بەڵام ئێمە ئەمڕۆ زیاتر وشەی (کوردناسی) بەکاردێنین. کەواتە، کوردۆلۆجی، یان کوردناسی ئەو زانستەیە، کە لە (مێژوو، ئەدەب، کەلتوور، زمان، جوگرافیا و ئاین....)ی کوردان دەکۆڵێتەوە. واتە لێکۆڵینەوە لە تەواوی لایەنەکانی ژیانی نەتەوەی کورد.

### مێژووی بەکارهێنانی زاراوەکە:

بێگومان لەسەرەتادا کوردۆلۆژی لقێک بوو لە ڕۆژهەڵاتناسی، کوردناسی لە هەناوی ڕۆژهەڵاتناسییەوە لەدایکبووە، چونکە کوردناسیش وەک ڕۆژهەڵاتناسی دید و دیتنی ڕۆژئاواییەکانە بۆ کورد. (د. عەبدوڵا جەودەت) یەکەم کوردبوو، کە لە ساڵی (١٩١٣ز)، زاراوەی کوردۆلۆجی لە گۆڤاری (رۆژی کورد)دا بەکارهێناوە. دوای ئەویش لە ساڵی(١٩٣٤ز) (میر جەلادەت بەدرخان) وتارێکی بە ناوی (کورد و کوردستان ب چاڤێت بیانیان) بڵاوکردۆتەوە و تیایدا وشەی کوردۆلۆجیی بەکارهێناوە. هەر لەو ساڵەشدا یەکەم کۆنفرانسی کوردناسیی (کوردۆلۆجی) لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان سازکراوە. ناونیشانی وتارەکەی (میر جەلادەت بەدرخان) ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە کوردناسەکان بەر لە شارەزایانی کورد لە کوردیان کۆڵیوەتەوە و ئەو هەموو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی ڕۆژئاواییەکان دەربارەی  کوردیان نووسیوە، بەشێکی گرنگ لە کەلەپوور و کەلتووری کورد پێکدەهێنن.

بێگومان زمان بە بڕبڕەی پشتی کوردۆلۆجی دادەنرێت، چونکە هەر لە ڕێگای زمانەوە دەتوانرێت زۆر شت لەبارەی لایەنەکانی ژیانی نەتەوەی کورد بزانرێت، هەر بۆیە بیانییەکان پێش هەموو شتێک ناچاربوونە بەپێی پێویستی و سروشتی کارەکەیان فێری زمانی کوردی ببن و لێی بکۆڵنەوە.

### هۆکارەکانی دەرکەوتنی کوردۆلۆجی:

١. **هۆکاری ئابووری:** دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا لەنێوان سەدەی (١٧ – ١٨ز) و دواتردا، دەوڵەتە ئەوروپییەکان بە مەبەستی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و دابینکردنی کەرەستەی خاو بە نرخێکی هەرزان، هەوڵیاندا بازاڕ بدۆزنەوە.
٢. **بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی:** ئەوروپا هەوڵیدا کە ئاینی مەسیحی لەنێو هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەویدا بڵاوبکاتەوە. لەوانەش قەشە (گارزۆنی) کە قەشەیەکی ئیتاڵییە، سەرەتا

دوو ساڵ لە موسڵ مایەوە و دواتر چوو بۆ ئامێدی پایتەختی میرنشینی بادینان و لەوێ بیست ساڵ مایەوە. لەو ماوەیەدا و لە ساڵی (١٧٨٧ز) کتێبێکی بە ناوی (ڕێزمان و وشەی زمانی کوردی) نووسیوە. دوای ئەمیش ئیتر مژدەبەرێکی زۆری تر بەو مەبەستە ڕوویان لە کوردستان کردووە و کتێب و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە نووسیوە و هەندێکیشیان هەوڵیانداوە کە (ئینجیل) وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی بە شێوەزاری موکری. بەڵام لە هەموویان گرنگتر مژدەبەری فەرەنسیی تۆماس بۆیس (٤٠ ) ساڵ لە کوردستان ماوەتەوە و چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی مێژوو و ئەدەب و ئاین و داب و نەریتی کورد بڵاوکردۆتەوە.

٣. **هۆکاری سیاسی و سەربازی:** ڕووسیای قەیسەری لە شەڕ و ململانێی زۆردابوو، لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی، ویستی خۆی بگەیەنێتە کورد و لە سنووری ئەم دوو دەوڵەت نزیکبێتەوە. ئەمەش وای لە وڵاتانی ئەوروپای وەکو (بەڕیتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا) کرد، کە ئەوانیش بێنە ناوچەکە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم فراوانخوازییەی ڕووسیای قەیسەری یارمەتیی دەوڵەتی عوسمانییان دەدا، بەمەش دەستی ئەم وڵاتانە گەیشتە ناوچەکە. هەروەها مسیۆنێرە ئەمەریکییەکانیش لە ساڵانی (١٨٣٠ز) بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر هاتنە کوردستان بەتایبەتی لە ورمێ تا موسڵ و بەغداد چەندین قوتابخانەیان کردەوە. دوای ئەوەی لە (١٨٢٩ز) کتێبخانەی (ئەردەبیل) کەوتە دەستی ڕووسەکان کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانیان تێیدا دۆزییەوە و بە خەت و واژۆی خۆی نووسرابوو، بۆیە ناردیانە دەستنووسخانەی (سانپترسبۆرگ) و بە زمانی فارسی لە دوو بەرگدا بڵاویانکردەوە، ئەمە بە هەنگاوی سەرەتای کوردناسی ڕووسی دادەنرێت. بەڵام ئەکادیمیای ڕووسی بۆ زانست و پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ڕۆڵێکی کارای هەبوو لەبواری کوردناسییدا. هەتا ساڵی (١٩٦٣ز) ژمارەی ئەو بیبلۆگرافیایانەی لەبارەی کوردەوە نووسراون گەیشتۆتە (٢٦٩٠) بەرهەم. پشکی ڕووسیای قەیسەری کە دواتر  لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ کۆمارەکانی تری ئەو سەردەمە بوون بە یەکێتی سۆڤییەت، (١٦٣٤ز) بەرهەم بووە و ئەوەی تر کە ماوەتەوە بەسەر وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و سویسرا دابەشدەبێت. بەڵام مسیۆنێرە ئەمەریکییەکان لەڕووی کارکردنەوە لە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکانی تر ڕێکتر و زانستییتر بوون، چونکە کاریان لەبواری پەروەردەدا کردووە و لەچاو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکانی تری ئەوروپاشەوە میانڕەوتر بوون.

**قۆناغەکانی پەرەسەندنی کوردۆلۆجی:**

بە بۆچوونی خەلیل جوندی کوردۆلۆجی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە و پەرەی سەندووە:

- **قۆناغی یەکەم:** دوای شۆڕشی پیشەسازی و ململانێی وڵاتە ئەوروپاییەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی ڕۆژهەلات دەستپێدەکات و تاکو سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیی (١٩١٤ – ١٩١٨ز) بەردەوام بووە.

- **قۆناغی دووەم:** قۆناغی داگیرکردنە لە پێناو نەوت و کانزاکاندا، ئەم قۆناغەش لە شەڕی یەکەمەوە دەستپێدەکات و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە.

- **قۆناعی سێیەم:** قۆناغی تەکنۆلۆجیا و جیهانیگیرییە بە تایبەتیش دوای ئەو کە هێرشەی کرایە سەر هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک لە (٢٠٠١/٩/١١ز) دەستپێدەکات و هەموو جیهانیش دەگرێتەوە نەک کورد بە تەنیا.

**لایەنە چاک و خراپەکانی کوردۆلۆجی:**

کوردناسی لە بنەڕەتدا کارێکی مەیدانی پیرۆزە. ئاشکرایشە کە زۆر شت لەبارەی کوردەوە لەلایەن کوردناسە عەرەب و ئەوروپایی و ڕۆژئاواییەکانەوە نووسراون. بەشێکیان بە خراپ و بەشێکی تریشیان بە چاکە ناوی کوردیان هێناوە، چونکە مەرج نییە" هەموو ئەوانە پشتیان بە سەرچاوەی زانستیی ڕاست و دروست بەستبێت و بابەتییانە لە کوردیان کۆڵیبێتەوە، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەوانەی وەک گەڕیدە و زانا و مرۆڤناس هاتوونەتە کوردستان پیاوی زانست و راستگۆ نەبوون، بەڵکو زۆربەیان پیاوی حکومی بوون بەمەبەستی هەواڵگری ڕوویان لە ناوچەکە کردووە و ئەم کارەیان بەجێهێناوە. بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدانییە، ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانە بە چاک و خراپییەوە، لانی کەم لەڕووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی کەلەپووری کوردیدا، بە سوود و قازانج بۆ کورد گەڕاونەتەوە. بۆچی؟ چونکە هەموو ئەو ئەو کوردناسانە بەر لە کورد خۆی باسی کوردیان کردووە. هەموو ئەو کوردناسانە بۆ هەر مەبەستێک ڕوویان لە ناوچەکە کردبێت بە ناچاری بۆ ئەوەی بە باشی لە کولتوری کورد شارەزا ببن فێری زمانی کوردی بوونە و کەلەپوورێکی زۆری کوردییان کۆکردۆتەوە و لە فەوتان ڕزگاریان کردووە. کەواتە ناتوانین بە ڕەهایی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە کوردناسەکان هەر هەموویان ناسنامەی کوردیان شێواندووە، هەر چۆنێک بێت هەموو ئەو سەرچاوانەی کە کوردناسەکان نووسیویانە و زانیاری لەسەر کورد تێدایە" ئەوا بایەخی بۆ نەتەوەی کورد هەیە و وەک گەنجینەیەکی زانیاری لەلای کورد سەیر دەکرێن، ئەوەی زۆر گرنگە کورد بە هزر و دیدی ڕەخنەیی مێژووی خۆی بخوێنێتەوە و جارێکی تر خۆی بینووسێتەوە، هەر لەم ڕوانگەشەوە

پێویستە ڕوناکبیری کورد مێژووی خۆی بەگوێرەی بنەماکانی میتۆد زانستی بنووسێتەوە، تا مێژوو و کەلتوورەکەی هاوشانی چەمکی دروستی کوردولۆژی بن.

**دەتوانین کوردناسەکان بەسەر دوو پۆلدا دابەش بکەین:**

**یەکەم: کوردناسە موسوڵمانەکان:**

١. محەمەدی کوڕی جەریر تەبەری (٨٣٩-٩٢٣)ز: کتێبەکەی بە (تاریخ الامم والمولک) ناسراوە، ئەم کتێبە لە دروستبوونی بوونەوەر دەستپێدەکات ،تا ساڵی (٩١٥ز) لە زۆر شوێن باسی کوردی کردووە.
٢. المسعودی (٨٩٦ – ٩٥٧ز) لە کتێبی (مروج الذهب و معادن الجوهر)دا باسی کوردی کردووە، بەڵام بۆچوون وبەڵگەکانی کە لەبارەی نەژادی کوردەوە هێناویەتییەوە، هەمووی دژی کوردە و کۆمەڵێک وێنەی نەرێنیی و ناڕاست و ناواقیعین. بۆ نموونە لە یەکێک لەو بۆچوونانەدا دەڵێت:"نەژادی کورد جنۆکەیە".
٣. ئیبن حەوقەل ساڵی (٩٧٧ز) کۆچیکردووە، کتێبەکەی بەناوی (صورة الارض)ە، زۆر بە ڕوونی نەخشەی کوردستانی کێشاوە و هەردوو بەشی (چیا) و (جەزیرەی)ی دیاریکردووە .
٤. ئەلمەقدیسی ساڵی (٩٨٥ز) کۆچیکردووە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم) زۆر بەدرێژی باسی لە دابوونەریت و کەلتوور و وڵاتی کوردان کردووە، کوردستانی بە هەرێمێکی سەربەخۆ لە وڵاتانی تر داناوە .
٥. ئیبن ئەسیری جەزیری - ئەبی حەسەنی عەلی کوڕی محەمەدی شەیبانی (١١٦٠ - ١٢٣٣ز)، کتێبەکەی بە (الکامل فی التاریخ) ناسراوە، ئەم کتێبە بە درێژەپێدەری کتێبەکەی تەبەری دادەنرێت و تیایدا باسی بزوتنەوە کوردییەکانی سەدەی نۆیەم و دەیەم دەکات.
٦. ئیبن کەسیر (١٣٠١ – ١٣٧٣ز) لە کتێبی (البدایة و النهایة)دا باسی میللەتی کوردی کردووە.

**دووەم: کوردناسە ڕۆژئاواییەکان:**

زەینەفون یەکەم ڕۆژئاواییە، دوای هێرۆدۆتسی مێژوونووس شتی لەبارەی کوردەوە نووسیبێت، لە پێش زایندا. لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکانیش پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوا و کورد بەهۆی سەلاحەدینی ئەیوبی و سەرلەشکر و سەربازەکانی پەیدابوو، کە ڕێژەیەکی باشیان کوردبوون . بەڵام ئەم جۆرە پەیوەندییانە زۆر پەیوەست نین بەبواری کوردناسیەوە، زانستی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لەسەر ئەو بنەمایە دانەڕێژراون، بەڵکو ئەو جۆرە پەیوەندی و ناسینانە لە ئاکامی ململانێکانەوە دروستبوون.

به حوکمی ئەوەی  ئەرمەن و جوو پەیوەندییەکی کۆنیان لەگەڵ کوردا هەبوو، بۆیە ئەوان بەر لەخەڵکانی تر باسی کوردیان کردووە.

١. ماركۆ پۆلۆ (١٢٥٤-١٣٢٤ز): جوگرافیاناس و گەڕیدەیەکی ناسراوی ئیتاڵییە و یەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستانی)  لە نووسینەکانی بەکارهێناوە.
٢. ژان باپتیست تاڤێرنیێ (١٦٠٥-١٦٨٩ز): بازرگانێکی فەڕەنسی بوو لە ساڵی ( ١٦٢٢)ز گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە، کتێبەکەی بە ناوی (شەش گەشت بۆ پاریس)ە، گرینگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە گەشتەکەی بۆ کوردستان هاوکات بوو، لەگەڵ سەفەرنامەکەی (ئەولیا چەلەبی) و سەردەمی ئەحمەدی خانی.
٣. مێریلا گالیتی (١٩٤٩ – ٢٠١٢ز): کتێبێکی دەربارەی کورد بەناوی (کەلتووری کوردی لە نووسراوەکانی ئیتاڵییەکاندا) نووسیوە.
٤. قەشە مۆریزیۆ گارزۆنی لەساڵی (١٧٨٧ز) کتێبێکی بەناوی (ڕێزمانی دانەی وشەی زمانی کوردی) بڵاوکردۆتەوە.
٥. لێرخ، یەکێ لەو کوردناسە ڕووسانەیە، کە زۆر شتی  دەربارەی کورد نووسیوە ، سێ کتێبی لەسەر کوردانی ڕۆژهەڵات داناوە.
٦. ئەلێکساندەر ژاپا (١٨٠٣-١٨٩٤ز)، ئەلێکساندەر ژاپا زۆر لەگەڵ مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٧ز) دۆست بوو و بەهاوکاری ئەو چەند دەستنووسی کوردییان لە فەوتان ڕزگارکردووە، هەندێ توێژەر نووسینەکانی بایەزیدیان بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی داناوە.
٧. تۆماس بۆیس، نووسەرێکی فەڕەنسی بوو ماوەی (٤٠) ساڵ لە کوردستان ماوەتەوە و زۆر کتێبی دەربارەی ئەدەب و ئاین و مێژوو و داب و نەریتی کورد بڵاوکردۆتەوە.

## جوگرافیای کوردستان

### ١. سنووری کوردستان:

کوردستان سنووری سروشتی هەیە، چونکە ناوچەیەکی شاخاوییە، بەڵام تا ئێستا سنوورەکەی بە وردی دیار نییە، چونکە کوردستان دەوڵەت نییە و وڵاتە داگیرکەرەکانیش بەمەبەست لە سڕینەوە و شێواندن و بەزاندنی سنوورەکانی کوردستانن، لە نووسراو و دۆکۆمێنتە ڕەسمیە نێودەوڵەتییەکاندا. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە، کە وڵاتە داگیرکەرەکان ئامارێکی وردی نەتەوەیی بۆ ناوچە کوردستانیەکانی وڵاتەکانیان ناکەن یان ڕاینەگەیەنن، تا لەو ئامارەوە بزانرێ کام ناوچە کوردنشینە و کوردستانە. سەرەڕای ئەوەش وڵاتە داگیرکەرەکان لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردان پەیڕەو دەکەن، بەوەی کوردێکی زۆریان لە زێدی خۆیان دەرکردووە و خەڵکی ناکوردیان لەوێ نیشتەجێ کردون.

لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو و شوێنەوار و پاشماوەی دانیشتوانەکانی ئێستای ئەو ناوچانە، دەتوانین بڵێین سنووری کوردستان لە باکوورەوە لە چیاکانی ئارارات تا زنجیرە چیای زاگرۆس دەکشێ و لەوێوەش تا ئەسکەندەروونە و دەریای سپی. لە ڕۆژهەڵات و باشوورییەوە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران و تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە. لە ڕۆژئاواش هاوسنوور دەبێ لەگەڵ سوریا و عێراق، ئەمە بەدەر لە بەشە کوردستانییەکەیان.

کەواتە دەتوانین بڵێین سنووری کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، سنوورەکەی لە باکور لەگەڵ ئازەربێجان و ئەرمینیا و تورکیادایە، لە باشوور لەگەڵ ئێران و کەنداوی (عەرەبی) هاوسنوورە، لە ڕۆژهەڵات ئێران و لە ڕۆژئاواشەوە عێراق و سوریا دەوری دەدەن، ئەم ناوچانەش کە کەوتۆتە نێوان ئەو وڵاتانەوە  هەر لەکۆنەوە وڵاتی کورد بووە. واتا کورد بە یەکێک لەو میلەتانە دەژمێردرێت، کە هەر لە چاخە کۆنەکانەوە پێکهاتەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتیان پێکهێناوە.






## ٢. ئاو و هەوا و وەرزەکان:

ئاو و هەوای کوردستان لەنێوان ئاو و هەوای بیابانی گەرم و زەریای ناوەڕاستدایە. ئاو وو هەوای دەشتەکانیشی نزیکە لە ئاو و و هەوای ئیستیوائی و تێکڕای باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان (٢٠٠ تا ٤٠٠ ملم)ە و لە دۆڵەکانیشدا لەنێوان (٧٠٠ تا ١٠٠٠ ملم)ە و هەندێ جاریش دەگاتە (٣٠٠٠ ملم)، ئەو ناوچانەش زیاتر دارستانە و چەند ڕووبار و زێیەکی تێدا هەڵدەقوڵێت و جیاوازی نێوان بەرزی و نزمی پلەی گەرما لە نێوان (٨٠) پلەدایە. پلەی گەرما لە باکووری کوردستان لەنێوان (٣٠ تا ٤٠) لە ژێر سفر دایە و لە باشووری کوردستانیش لەنێوان (٣٥ تا ٤٥) پلەدایە، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی کرماشان و خانەقین.

### هۆکارەکانی جیاوازی پلەی گەرمی:

١. گۆشەی کەوتنی تیشکی ڕۆژ.

٢. مەودای ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ.

٣. بەرزی و نزمی و کاریگەرییەکانی.

٤. جیاوازیی ڕادەی ڕێژەی شێ.

٥. کاریگەریی هۆکارە لۆکاڵییەکان

## ساڵنامەی کوردیی:

ساڵی کوردی بەپێی ڕۆژمێرەکەی لە (٢١)ی ئازاری ساڵی زایینی دەستپێدەکات، کە یەکەم ڕۆژی (نەورۆز)ە و (٧٠٠ ساڵ) پێش ڕۆژمێری زاینییە. مێژووەکەی بۆ دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی ماددەکان دەگەڕێتەوە.

## وەرزەکان:

- بەهار لە (٢١ ی ئازار تا ٢٠ ی حوزەیران)ە.
- هاوین لە (٢١ی حوزەیران تا ٢٠ی ئەیلول)ە
- پاییز لە (٢١ی ئەیلول تا ٢٠ی کانونی یەکەم)ە.
- زستان لە (٢١ی کانونی یەکەم تا ٢٠ی ئازار)ە.

## مانگە کوردییەکان:

مانگە کوردییەکان بەرامبەر مانگی زایینی و ژمارەی ڕۆژەکانیان:

| ز | مانگە کوردییەکان | ژمارەی ڕۆژەکانی | واتای ناوی مانگەکە | مانگی بەرانبەری لە ساڵنامەی زاینیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نەورۆز (خاکەلێوە) | ٣١ | لە نەورۆزدا خاک لێو دەداتەوە، واتە سەوزی بە ئاستەم سەردەردەهێنێت. | ٢١ ئازار – ٢٠ نیسان |
| ٢ | بانەمەڕ (گوڵان) | ٣١ | مەڕ و ماڵات شەو لە دەشت دەمێننەوە، شوان بەدیاریانەوە ئەبێ چونکە لەو کاتەدا لەوەڕ زۆرە و مەڕ و ماڵات ئەوەندە ڕوو ناکەنەوە ناو ئاوایی. | ٢١ نیسان – ٢١مایس |
| ٣ | جۆزەردان | ٣١ | جۆ زەرد دەبێت پێدەگات. | ٢٢ مایس – ٢١ حوزەیران |
| ٤ | پوشپەڕ | ٣١ | گیا وشکدەبێت دەبێت بە پوش. | ٢٢ حوزەیران - ٢٢ تەموز |
| ٥ | خەرمانان | ٣١ | خەرمانی تیا هەڵدەگیرێت. | ٢٣ تەمموز – ٢٢ ئاب |
| ٦ | گەلاوێژ | ٣١ | ئەستێرەی گەلاوێژی تێدا هەڵدێت و ئاو و هەوا ڕوو لە فێنکی دەکات. | ٢٣ ئاب – ٢٢ ئەیلول |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | ڕەزبەر | ٣٠ | میوەی تێیدا پێدەگات. | ٢٣ ئەیلول – ٢١ تشرینی یەکەم |
| ٨ | گەڵاڕێزان (خەزەڵوەر) | ٣٠ | خەزەڵ بە زاراوەی موکریانی واتە گەڵا. لەو کاتەدا گەڵا دەوەرێت. | ٢٢ تشرینی یەکەم – ٢٠ تشرینی دووەم |
| ٩ | سەرماوەز | ٣٠ | سەرماهێنەر | ٢١ تشرینی دووەم – ٢٠ کانوونی یەکەم |
| ١٠ | بەفرانبار | ٣٠ | بەفری تێدا دەبارێ. | ٢١ کانوونی یەکەم – ١٩ کانوونی دووەم |
| ١١ | ڕێبەندان | ٣٠ | بە تایبەتی لە کوێستانەکاندا، لەبەر زۆری بەفر ڕێگا لە ڕێبواران دەگیرێت. | ٢٠ کانوونی دووەم – ١٨ شوبات |
| ١٢ | ڕەشەمێ | ٢٩ / ٣٠ | لە ناوچەی هەورامان مرۆڤ لەم مانگەدا، کە لەبەر هەتاو دادەنیشن ڕوخساریان ڕەش هەڵدەگەڕێت. | ١٩ شوبات – ٢٠ ئازار |

**٣. دابەشبوونی کوردستان لە رووی جوگرافییەوە:**

ڕوبەری کوردستان نزیکەی (٥٣٦٠٠٠)کم٢یە. کە (٢٢٥،١٢٠)کم٢ لە تورکیا و (٢٠٩،٠٤٠)کم٢ لە ئێران و (٨٥،٧٦٠)کم٢ لە ئێراق و (١٦،٠٨٠)کم٢ لە سوریایە. بەشێکی بچووکیش دەکەوێتە چەند وڵاتێکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وەکو ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان و تورکمانستان...

نەخشەی کوردستانی گەورە لە باکوورەوە تاکو باشوور ( ١٣٠٠ )کم و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاواش ( ٥٥٠ )کم دەبێت. نەخشەی کوردستان لای باکووری پان و بەرینترە، بەشێوەیەک لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوای ناوچەی باکوور دەگاتە (٥٧٨)کم. بەڵام تا بەرەو باشوور برۆین بەرتەسک دەبێتەوە، لە هەندێ شوێن (٢٣٢ )کم و لە کۆتایەکەشی دەبێتە (١١٢)کم .

ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە نێوان (٤٠ تا ٤٥) ملیۆن کەس دەبێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پارچەکانی کوردستاندا دابەشبووە:

١. باکووری کوردستان ٢٠% (تورکیا): زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کورد لە باکووردا هەن و لە ٢١ پارێزگادا دەژین. ئەم پارێزگایانەش دەکەونە ڕۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتی تورکیاوە.

٢. رۆژهەڵاتی کوردستان ١٥% (ئێران): زیاتر لە ١٠ ملیۆن کوردی لێ دەژین، لە رۆژئاوای ئێران و رۆژئاوا و باشووری دەریاچەی ورمێ بڵاوبوونەتەوە.

٣. باشووری کوردستان ٢٠% (عیراق): زیاتر لە ٦ ملیۆن کوردی لێ دەژین، بە شێوەیەکی سەرەکیش لە شارەکانی باکووری عیراق دەژین، وەکو (دهۆک، هەولێر کەرکوک ، سلێمانی).

٤. ڕۆژئاوای کوردستان ٥% (سوریا): زیاتر لە دوو ملیۆن کوردی لێ دەژین، لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا.

**٤. پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان:**

شارەزایانی بواری دیمۆگرافی دانیشتوان بە پێی چەند بنەمایەک دابەشدەکەن.

**ئا/ پێکهاتەی نەتەوەیی:** پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان فرە نەتەوەیە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی، وەک شوێن و پێگە و بایەخی جوگرافیای کوردستان، هەندێک سەرچاوە ئاماژەیان بە ڕێژەی نەتەوەکانی کوردستان کردووە، کورد (٧٥%) ڕێژەی دانیشتوان پێکدێنن، پاشانیش تورک بەنزیکەی (٣،٥%) و عەرەبیش (٣،٦%) و فارسیش بە ڕێژەی (٣%) ئەوانی تریش (١٢،٣%).

**ب/ پێکهاتەی ئاینی:** هەرسێک ئاینە ئاسمانییەکانی ڕۆژهەڵات لە کوردستان پەیڕەوکاریان هەیە، بەڵام کورد ئاینی زەردەشتی بە کۆنترین ئاینی خۆی دادەنێت. پاشانیش ئاینی تر جوو و مەسیحی بەجیاوازی کڵێساکان و ئیسلامیش بە جیاوازی ئاینزاکانی وەک (سونە و شیعە) و سونەش وەک (شافعی و حەنەفی و .....هتد) ئەمە و چەندەها ئاینزای بچووکی تر لە کوردستان هەن، وەک (کاکەیی عەلەوی و و ئێزیدی).

**پ/ پێکهاتەی ژینگەیی:** دابەشکردنی دانیشتوان بەپێی شار و گوند بەپێی سەرژمێرییەکان دەگۆڕێت، بەجۆرێ لەگەڵ بەسەرچوونی کات گوندنشین کەمیانکردووە و شارنشین زیادیان کردووە، بێگومان ئەمەش لەژێر کاریگەریی هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سروشتی و ....هتد، سەبارەت بە ژمارەی گوند نشین و شارنشین ئەوا سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لەنێوان ساڵانی (١٩٥٠-٢٠٠٠) ژمارەی شارنشین بە ڕێژەی (٢٥%) زیادی کردووە بەمەش ژمارەی گوندنشینان بەرێژەی (٧٥%) کەمیکردووە.

**٥. تۆبۆگرافیای کوردستان:**

ئەگەر دۆڵ و دەشتە بچووکەکانی نێوان شاخەکان، لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکان وەربگرین، ئەوا ناوچە شاخاوییەکان بەزۆری دەکەونە باکوور، ئینجا بە دوای ئەو، ناوچەی گردەکان و ئینجا دەشتەکان دێن. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی خاکی کوردستان لەم سێ ڕەگەزە جیوگرافییەی سەرەوە پێکدێت.

**ئا/ چیاکان:**

لەبەرئەوەی ناوچە شاخاوییەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتن، بۆیە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات بەرزن و لە زۆر شوێندا (٤٠٠٠) مەتر  لە ئاستی ڕووی دەریا تێدەپەڕێنێ. تا بەرەو باشوور و ڕۆژئاوا بێی، خاکی کوردستان نزم دەبێتەوە، ناوچەی دەشتەکان لە ناوچەی گردەکانیش نزمترن، بەشێوەیەک هەولێر تەنها (٤٣٠) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە.

**هەندێ لە چیاکانی کوردستان بەپێی درێژی و بەرزییان:**

تا ئێستا ئامارێکی جوگرافیی گشتگیر بۆ ژمارەی چیاکانی کوردستانی گەورە نییە، بەڵام بەپێی هەندێ سەرچاوەی ناڕەسمی چیاکانی کورستان بە چیای گەورە و مامناوەندییەوە (١٢٢) چیان، هەندێکیش ئەم ژمارەیە بۆ (٢٢٠) چیا بەرز دەکەنەوە. ئەمانەش بەشێک لە چیا بەرز و درێژەکانی کوردستانن:

١. چیای (ئارارات)ی گەورە، بەرزییەکەی (٥١٦٥ )م لە پارێزگای (ئاگری) لە باکوری کوردستان.

٢. لوتکەی هەڵگورد لە زنجیرە چیای (حەسارڕووست) بەرزییەکەی (٣٦٠٧ )م لە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستان.

٣. چیای (دیلمان) بەرزییەکەی (٣٦٠٦ )م لە پارێزگای ورمێ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**سوود وگرنگیی چیاکانی کوردستان:**

١. کانزا و مادەیەکی زۆری جۆراوجۆری تێدایە.

٢. بەردەکان بۆ جوانکاری و بیناسازی بەکاردێن، وەکو (چیمەنتۆ، گەچ، بەردی حەلان، کاشی...هتد).

٣. سروشتێکی جوانی هەیە، گەشتیارانی ناوخۆ و دەرەوە ڕوی تێدەکەن.

٤. دار و درەختی لاپاڵی چیاکان بایەخێکی ئابووریی باشیان هەیە.

٥. بە هۆی بەرزییانەوە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بەفر و بارانێکی زۆر دەیانگرێتەوە، کە گرنگییەکی زۆری بۆ ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی هەیە.

٦. گژوگیای قەدپاڵەکانی لەوەڕگایەکی زۆر باشە بۆ ئاژەڵ.

٧. لە ڕوی سیاسی و سەربازیەوە بۆ شۆڕشەکانی کورد پەنا و سەنگەرێکی زۆر باش بووە و بۆ لەمەودواش لە دۆخی نەخوازراوی شەڕدا هەمان گرنگی جارانی هەیە.

٨. چیاکان بوونەتە بەربەستێک لەبەردەم باو ڕەشەبا بەهێزەکان و کشتوکاڵ و بەروبومی ناوچەکانی خوار خۆیان پاراستووە.

## ب/ گرد (زورگ)ەکان:

گردەکانی کوردستان بە زۆری لە چەند زنجیرەیەکی پێچاوپێچی چەماوە پێکهاتوون. بەرزی هەندێکیان لە هەندێ چیای ئاسایی زیاترە. هی وایان هەیە وەکو گردی (پاسینلەر)ی باکووری کوردستان دەگاتە (١٧٥٠) م. هەروەها گردی (گەوەڕ) بەرزییەکەی دەگاتە (٢٠٠٠)م. گردی (کواندە) (٢٤٣٠) م لە ڕوی دەریاوە بەرزە. بەشێوەیەکی گشتی گردەکان دەکەونە خوار یان نێوان چیاکان.

هەندێ لە گردەکانی کوردستانی گەورە بریتین لەمانە: (بایەزید، بەرزنجە، پشدەر، پێنچوێن، چوارتا، کەرکوک، مەلاتیە، مەلازیە، موسڵ و موش ...هتد).

## سوودی گـردەکـان:

١. زۆر جار دەبنە لەمپەر لە بەردەم ڕەشەبا و زریانی بەهێز، تا نەگەنە دەشتەکان و زیان بە کشتوکاڵ و دانیشتوانەکەی نەگات.

٢. وەک لەوەڕگایەک بە تایبەتی لە بەهار و هاوینان بۆ مەڕومالاَت زۆر بەسوودە.

٣. بەشێک لە گردەکان ڕووتەختی پان و بەرینیان هەیە، کە بۆ چاندنی دانەوێڵە بە تایبەتی گەنم و جۆ و توتن و گوڵەبەڕۆژە و ...هتد بەسوودن.

٤. بەروبوومی ڕووەکی خۆڕسک کە پڕە لە نیترات وەک (کەنگر–کاردی–دۆمبەڵە–تۆلەکە–پیفۆک)ی لێ دەڕوێت.

## پ/ دەشتەکان

دەشتەکانیش بەشێکی تری گرنگی خاکی کوردستان پێدەهێنن، کە ١٥%ی ڕووبەری کوردستان دەگرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەشتەکان پان و تەختن. پێدەچێ پێشتر هەندێکیان دۆڵ بووبن و بە هۆی ڕامالّینی زەوی و کەرەستەی نیشتووی ڕووبارەکان بووبن بە دەشت.

دەشتە گرنگەکانی باشووری کوردستان ئەمانەن: (حەویجە، ڕانیە، شەنگار، سلێمانی، شارەزور، سندی، قەراج، کەندێناوە و هەولێر). هی ڕۆژهەلاَتی کوردستانیش: (شوی، مەریوان) و باکووری کوردستانیش (ماردین، ئورفە)ن.

**سوودی دەشتەکان**

١. ئەم دەشتانە بڕبڕەی پشتی ئابووریی کوردستانن، چونکە بۆ کشتوکاڵ زۆر بەپیتن. تەنها دەشتەکانی کوردستانی ئێراق، دەتوانن جگە لە دانیشتوانەکەی خۆی، دانەوێڵەی دەوروبەری کوردستانیش دابین بکا. یان دەتوانێ دانەوێڵەی هەموو ئێراق دابین بکا، بۆیە لە ئێراق بە دەشتەکانی کوردستان دەگوترێ: **"سەبەتەی نانی عێراقییەکان."**

٢. دەشتەکانی کوردستانی ئێراق بەشێکی زۆریان نەوتیان تێدایە، وەکو دەشتی کەرکوک و هەولێر و هەندێ ناوچەی تریش.

٣. دەشتەکان شوێنی ئاوەدانی و نیشتەجێبوونی زۆربەی خەڵکانی کوردستانن، بۆیە زۆربەی شار و شارۆچکەکان دەکەونە دەشتەکانەوە.

**٦. سامانی سروشتیی کوردستان:**

**ئا/ سامانی ئاوی ڕووبار و دەریاچەکان:**

دیارترین ڕووبارەکانی کوردستان بریتیین لە:

**١. ڕووباری ئاراس:** (٩٢٠ )کم درێژە. لە ڕۆرهەڵاتی شاری ئەرزەرۆمەوە هەڵدەقوڵێت بە پارێزگای (قارس-ئاغادیر)دا تێدەپەڕێت. لە ئازربایجان بە ڕووباری (کورا) دەگات و دەڕژێتە دەریای قەزوێنەوە.

**٢. ڕووباری دیجلە:** بە دووری (٧٠) کم لە باکووری ڕۆژئاوای شاری دیاربەکر (ئامەد) هەڵدەقوڵێت. لە باکوری کوردستان؛ دەریاچەی (گولیچوک) لە باکووری ڕۆژئاوای (ئامەد) ئاوێکی زۆر بە ڕووباری دیجلە دەدات و لەم لقانەی خوارەوە پێکدێت، (بۆگاز، باتمان، هنرۆن، چاتک، بەدلیس و بۆتان). لە باشووری کوردستانیشدا: پێنج لقی سەرەکی تێدەڕژێ و ساڵانە (٦٦%)ی ئاوەکەی دابیندەکەن (خابوور، زێی گەورە، زێی بچووک، باسەڕە و سیروان). ڕووباری دیجلە لەگەڵ ڕووباری فوڕات لە (گەرمەتعەلی) بەیەک دەگەن و (شەتولعەرەب) پێکدێنن و دەڕژێنە کەنداوی عەرەبییەوە. درێژی ئەم ڕووبارە (١٩٠٠)کم و زیاتر لە (٦٠٠) کم لە ناو خاکی کوردستانە.

**٣. ڕووباری فوڕات:** لە باکوری کوردستان و بەدرێژایی (٦٤٧)کم بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت و لە دوو سەرچاوە هەڵدەقوڵێت:

ئا/ (فوڕاتسو) یاخود (قەرەسو)، بەناو پارێزگاکانی (ئەرزەرۆم و ئازربایجان)دا تێدەپەڕێت.

ب/ (مورادسو)، بە پارێزگاکانی ئاگری و بنگوڵ و ئەلعزیزدا تێدەپەرێت و لەگەڵ فوڕاتسو بەیەکدەگەن و ڕووباری فوڕات پێکدێنن و ئەویش بەناو ڕۆژئاوای کوردستان و باشووری عیراقدا تێدەپەڕێت و

له نزیک شاری بەسرا لەگەڵ ڕووباری دیجلە بەیەک دەگەن و شەتولعەرەب پێکدەهێنن و دەڕژێتە ناو کەنداوی عەرەبییەوە.

٤. **ڕووباری قیزیل ئۆزان:** ڕۆژهەلات کوردستان و لە باشووری شاری دیواندەرە هەڵدەقوڵێت و دەڕژێتە دەریای قەزوینەوە.

٥. زێی گەورە لە باکوور و زێی بچووکیش لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە.

**دیارترین دەریاچەکانیش بریتیین لە:**

١. دەریاچەی وان، لە باکووری کوردستان ڕوبەرەکەی (٣٧٦٥ )کم دووجایە و ئاوەکەی سوێرە.

٢. دەریاچەی ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕوبەرەکەی (٦٠٠٠ )کم دووجایە.

٣. دەریاچەی خامزار گۆلچۆک لە دیاربەکرە لە باکووری کوردستان سەرچاوەی ئاوی دیجلەیە.

٤. دەریاچەی زرێبار لە ناوچەی سنە نزیک مەریوانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئەمانە هەمووی دەریاچەی سروشتین. بەڵام چەندین دەریاچەی دیکە لە کوردستاندا هەن بەهۆی ئەو بەنداوانەوە دروستبوونە کە لەسەر ڕووباری (دیجلە و فورات)دا دروستکراون و ناوەکانیشیان هەر بە ناوی ئەو شوێنەیە کە لێی دروستکراون. بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بەنداوەکانی (کابان، ئەتاتورک، قەرەقایا، بەنداوەکانی پڕۆژەی گاپ (GAP) لە کۆمەڵێک بەنداوی بچووک پێکهاتووە) لە باکوری کوردستانن.
- بەنداوەکانی (موسڵ، دوکان، دەربەندیخان، دهۆک، حەمرین، بێخمە و دبس) لە باشووری کوردستان.
- بەنداوەکانی (مەهاباد لە شاری مەهاباد) و (قشلاق لە شاری سنە) لە ڕۆژهەلاتی کوردستانن.

**سوودی بەنداوەکانی کوردستان**

١. دەبنە هۆی دروستبوون و بەرهەمێکی زۆری کارەبا.

٢. بۆ ئاودێری زۆربەی خاکی کشتوکاڵی کوردستانی پێ ئاودەدرێت.

٣. بۆ بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی.

٤. بۆ گڵدانەوەی ئاوێکی زۆر بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست سوودی لێوەربگیرێت.

٥. بۆ بەرگری  لە کارەساتی لافاو.

٦. بۆ گشتوگوزار و هاوینەهەوار سوودی لێ وەردەگیرێ.

٧. بەمەبەستی ڕامیاری هەندێک جار دوژمنانی گەلی کورد سوودیان لێ بینیووە، بە داپۆشینی گوند و ئاوەدانییەکان.

٨. دەبنە هۆی فێنکبوونی ئاووهەوا لە وەرزی هاویندا.

**ب/ سامانی نەوت و کانزایی:**

گرنگترین کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بریتیین لە:

١. (سێرت) و (باتمان) لە باکووری کوردستان.

٢. شاە ئاباد و قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٣. موسڵ (عەین زالە) و جەمبوور و باوەگوڕگوڕ لە کەرکوک و خانەقین لە باشووری کوردستان.

٤. (ڕمێلان) لە ڕۆژئاوای کوردستان.

٥. جگە لە نەوتیش، زۆر کانزای تر هەن لە کوردستان وەکو ئاسن و مس و سەرەڕای ئەمانەش سامانێکی زۆری گۆگرد و کرۆم و بەردی بەنرخ و خوێ و خەڵوزی بەردین لە کوردستاندا هەن.

هەروەها لە کوردستان بڕێکی زۆر غازی سروشتی هەیە، جگە لەمانە چەند کانزایەکی تری وەک (ئاڵتون و یۆڕانیۆم) و بەردی بەنرخ بۆ بیناسازی و  پیشەسازی چیمەنتۆ و شووشە- مەڕمەڕ) هەن.

**گرنگیی نەوتی کوردستان**:

١. کوالێتی نەوتەکە زۆر باشە بەرامبەر نەوتی جیهانی.

٢. قوڵایی نەوت لە ڕووی زەویەوە زۆر نزیکە و بە ئاسانی بەرهەمدەهێندرێت.

٣. تێچوونی دەرهێنانی کەمە.

**ج/ سامانی ڕوەکیی:** کوردستان خاوەنی گەلێک سامانی ڕوەکییە لەوانە: ( بەڕوو، گوێز، بادەمی کێویی، بەڵاڵوک، هەنار سماق، ترێ  و توو... هتد) سەربارى دارى بێبەر کە بۆ کاری پیشەسازیی بەکاردێت وەکو چنار و سنەوبەر و بی... هتد.

**د/ سامانی ئاژەڵ:** لە کوردستاندا چەندین زیندەوەر و ئاژەڵی کێویی هەن، هەندێکیان ڕاوەکرێن و دەخورێن، دەتوانین بەسەر سێ بەشدا دابەشیان بکەین:

١. باڵندەکان: وەکو (پۆڕ، قەتێ، سوێسکە، کەو، هەوێردە، قاز ، قورینگ، مراویی ...هتد).

٢. ئاوییەکان: وەکو ماسی کە چەند جۆرێکیان لە کوردستاندا هەن وەکو قەرەحی، ماسی ڕەش، سوورە ماسی، ماسی زێڕی، پشیلە ماسی... هتد.

٣. شیردەرەکان: وەک ئاسک، بزنەکێوی، کەروێشکەکێوی... هتد.

## چاخە دێرینەکان:

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی زانایانی شوێنەوار و مێژووناسەکان گەڵاڵەیان کردووە، ئەوا وڵاتی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین ناوچە شارستانییەکان لە جیهاندا، هەر بۆیە کوردستان بە لانکی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دادەندرێت. لەم پانتاییە جوگرافیاییەی ئەمڕۆ پێیدەگوتریت کوردستان، (شوێنەوارناسەکان) پاشماوە و شوێنەواری کۆنترین و دێرینترین کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان تێدا دۆزیوەتەوە.

## چەند شوێنەوارێکی کوردستان:

١. **ئەشکەوتی شانەدەر:** لە کوردستان بەناوبانگترین ئەشکەوتە، دەکەوێتە چیای برادۆست و نزیک ناحیەی شانەدەر. لەوێدا پاشماوەی ئێسکە پەیکەری مرۆڤ و چەند ئاژەڵێکی لێ دۆزراوەتەوە، کە پەیکەرەکان مێژووەکەیان بۆ (٦٥) هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

٢. **ئەشکەوتی هەزارمێرد:** ١٣ کم لە شاری سلێمانیەوە دوورە. چەند پاشماوەیەکی بەردینی تێدا دۆزرایەوە، کە مێژووەکەی بۆ (٣٠ هەتا ٥٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

٣. **ئەشکەوتی زەرزی:** لە ناوچەی سوورداشە و چەند پاشماوەیەکی تێدا دۆزرایەوە، کە مێژووەکەی بۆ ١٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

٤. **ئەشکەوتی قزقەپان:** ئەویش لە ناوچەی سورداشە و نزیک ئەشکەوتی زەرزییە. چەند پاشماوەیەکی تێدا دۆزرایەوە، کە مێژووەکەی بۆ "٦٠٠ تا٥٥٠"ی پ.ز دەگەڕێتەوە. واتا بۆ سەردەمی میدییەکان دەگەڕێتەوە.

٥. **گوندی بێستانسوور:** هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایی وا زانرابوو کە گوندی (چەرموو) لە چەمچەماڵ کۆنترین گوندی جیهانە و کشتوکاڵی تێداکراوە، بەڵام کنە و پشکنینەکان ئەوەیان دەرخستووە کە گوندی (بێستانسوور) کۆنترین گوندە لە جیهاندا و هەتا ئێستا ژیانی تێدایە. چەندین شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ (٧ هەتا ٨) هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەم گوندە دەکەوێتە ناحیەی تانجەرۆ سەر بە قەزای شارەزوو لە شاری سلێمانی.

٦. **گوندی چەرمۆ:** لە ڕۆژهەڵاتەوە ١٣ کم لە چەمچەماڵەوە دوورە. مێژووەکەی بۆ "٧" هەزار ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە. یەکێکە لەو گوندانەی جیهان کە سەرەتای کشتوکاڵی تێدا دەرکەوتوە و خانووی قوڕی تێدا دروستکراوە، ژمارەی خانووەکان ٣٠ دانە بوونە و ژمارەی ئێسکە پەیکەرەکانیش نزیکەی "١٥٠" کەس بوونە. هەروەها پاشماوەی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و مەڕ و بزن و بەرازی تێدا دۆزراوەتەوە.

**٧. دەربەندی گاور:** دەکەوێتە ناوچەی قەرەداخ. لەم دەربەندە وێنەی جەنگاوەرانی کوردی لێ هەڵکۆڵراوە، هەندێک بۆ سەردەمی گۆتییەکان و هەندێکیش بۆ سەردەمی ئەکەدییەکانی دەگەڕێننەوە، پێشتر توێژەران پێیان وابووە کە یەکێک لە وێنەکان هی "نەرامسین"ـە. بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەوە وێنەی (ئانوبانینی)یە کە پاشای (لۆلۆیی)یەکانە.

**لە میانەی ئەم شوێنەوارانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە:**

١. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە کوردستاندا مرۆڤ کشتوکاڵی گەنمی کردووە و ئاژەڵی بەخێوکردووە.

٢. یەکەمین کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە جیهاندا لە کوردستانەوە دەرکەوتووە و هەر لەوێشەوە بووە بە پیشە بۆ وڵاتانی دیکە گوازراوەتەوە.

٣. بوونیادەکانی شارستانیی مرۆڤایەتیش لە کوردستان بڵاوبوونەتەوە.

٤. یەکەمین گردبوونەوەی دانیشتوان لەناو گوندەکانی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە.

٥. هونەری دروستکردنی قاپوقاچاخ لە کوردستاندا سەریهەڵداوە.

٦. دروستکردنی شوورا بەدەوری گوندەکاندا سەرچاوەیان هەر لە کوردستانەوە بووە .

٧. لە کوردستاندا یەکەمین جار مردووەکانیان شاردۆتەوە و گۆڕیان بۆ مردوو هەڵکەندووە.

٨. داهێنانی ڕێوڕەسمی دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی مردووەکان.

٩. لە کوردستاندا یەکەمین ئاین و بیروباوەڕ لەلای مرۆڤ سەریهەڵدا.

**نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد**

دەربارەی ڕەچەڵەکی ڕەسەنی نەتەوەی کورد زۆر لە نووسەر و توێژەران دید و بۆچوونی خۆیان خستۆتەڕوو، زۆر لەوانە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی گەلی کورد بۆ میدییەکان دەگەڕێننەوە، کە لە (٧٠٠-٥٥٠) پ. ز دا توانییان یەکەمین ئیمپڕاتۆرییەتی هیندوئەوروپایی دابمەزرێنن.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە" میدییەکان هیندۆئەوروپایین، بەڵام لە ڕاستیدا میدییەکان تەنیا بەشێکی ڕەچەڵەکی کوردیان پێکهێناوە، ئەوانیش هەر وەک (میتان و سکیش و کاردۆخی و لۆلۆیی و گوتی و خورییەکان) خێڵێک بوون لە خێڵە هیندۆئەورپاییەکانی کوردستان.

وشەی "کورد" لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر هاتووە، هەندێ جار بە مانای جوگرافی و هەندێ جاریش بە مانای کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە. وشەی کورد یان هەر وشەیەک کە بۆ کوردان بەکار هاتووە، زیاتر لەلایەن گەل و نەتەوەکانی دەوروبەری کوردانەوە بۆ کورد بەکار براون، نەوەک لەلایەن خودی کوردەکانەوە.

**ئەکەدییەکان**: "٣٠٠٠"پ.ز وشەی (کورتیان) بۆ دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس بەکار هێناوە .هەروەها لەو سەردەمەدا "هەزارەی سێیەمی پێش زایین" پاشایەکی بنەماڵەی (لەگەش) لە دەقێکدا باسی ئەو هێرشەی کردووە، کە کردوویەتییە سەر ناوچەی (کاردا)، کە مەبەستی ناوچەکانی کوردستانی ئێستایە. لە چەند دەقێکی مێخی یان بزماری (کاردا، کردا، قردا) بۆ ناوچەکانی کوردستانی ئێستا بەکار هاتووە.

**ئاشوورییەکان**: لە نووسراوێکدا کە بۆ "١٠٠٠"پ.ز دەگەڕێتەوە، وشەی (کورت) بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری وڵاتەکەیان بەکارهاتووە، کە دەکاتە ناوچەکانی کوردستانی ئێستا. هەروەها "هێرۆدۆت"ی مێژوونووسی گریکی "یۆنانی" لە دەقێکدا دەڵێ: ("کاراکس" یەکێک بووە لە هێزە ئازاکانی ناوچەی ئەخمینی).

هەروەها وشەی "کاردۆخی" یەکێکە لەو وشانەی بۆ ناوچەکانی کوردستان بەکارهاتووە. لە سەرچاوە سریانی و عیبری و عارەبیەکانیش وشەکانی (کاردۆ، قاردۆن، کارداویە) بۆ ناوچەکانی کوردستان بەکارهاتوون.

**وشەی کورد**: بەم شێوەیەی ئێستا لە سەدەی "٦" ی زایینی بۆ یەکەم جار لە زمانی فارسیی کۆندا بەکارهاتووە. گوایە سەرەتا بە مانایەکی کۆمەڵایەتی وەکو "کۆچەری" یان "شوانکارە" هاتووە. هەندێکیش دەڵێن بە مانای "ئازا" و "جەنگاوەر"ی فارسی بەکارهاتووە. دەشێ هەردووو بۆچوونەکە ڕاست بن، چونکە لە دەقە مێژووییەکاندا زۆر جار کوردەکان بە ئازا و جەنگاوەری شارەزا ناسراون. هەروەها بۆچونی شوانکارەکەش دەشێ ڕاست بێ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی لەو سەردەمانەدا کورد ژیانێکی شوانکارەیی هەبووە. لە زمانی فارسیی کۆندا وشەی "کورد" بۆ کۆچەر و شوانکارە بەکارهاتووە، بەڵگەش نامەیەکی "ئەرتەبانی پێنجەم"ە، کە بۆ"ئەردەشێر"ی ناردووە و تێیدا دەڵێ: "ئەی کوردی لە نێو ڕەشماڵی کوردا گەورەبوو! کێ ڕێگای پێدای تاج لەسەری خۆت بنێی". لەم نامەیە وشەی کورد بە مانای کۆچەری دێ، نەوەک نەتەوەیەکی دیاریکراو.

**وشەی "کوردستان"**

وشەی کوردستان لە دوو بەش پێکهاتووە، "کورد" کە ناوی نەتەوەیەکە، "ستان"یش کە پاشگرێکی ئارییە، بە مانای شوێن و جێگە دێت. کەواتە کوردستان، واتە شوێنی نیشتەجێبوونی کورد.

ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە سەدەی ١٢ی زایینی بەکارهاتووە، هەروەها لە سەرچاوە مێژوویەکاندا چەند وشەیەکی تر بە هەمان واتای وشەی کوردستان بەکارهاتوون، وەکو (کوردی، کوردۆی، کاردۆن، کوردۆیا، کوردۆخ، کورتیخ).

کەچی لە سەرچاوە ئیسلامییەکان نە وشەی کوردستان و نە هیچ وشەیەکی هاوواتای کوردستان بەکار نەهاتووە، چونکە سەرچاوە ئیسلامییەکان بە ناوی چەند هەرێم "ویلایەت"ێک ناوی کوردستانیان هێناوە، وەکو (هەرێمی شارەزور، هەرێمی جەزیرە، هەرێمی چیاکان، هەرێمی ئاران...هتد).

تا ئەم دواییانەش وا دەزانرا، یەکەم جار لە سەدەی ١٤ی زایینی وشەی کوردستان لەلایەن "عەبدوڵڵا مستەوفی قەزوینی" لە کتێبی "نزهە القلوب" بەکارهاتووە، بەڵام دواتر دەرکەوت وشەی کوردستان لە سەدەی ١٢ی زایینی لە سەردەمی "سوڵتان سەنجەری سەلجوقی" بۆ ناوچەی باکووری کوردستانی ئێستا وەکو هەرێمێک بەکارهاتووە و پایتەختەکەشی شاری "بەهار" بوو.

ئەم ناوە "کوردستان" سەرەتا وەکو ناوێکی ئیداری بەکارهاتووە. دواتر "مارکۆ پۆڵۆ"ی گەڕیدەی ئیتاڵی لە سەدەی "١٣"ی زایینی ناوی کوردستانی هێناوە. هەروەها مێژوونووسی مەغۆلی "ڕەشیدەین فەزلوڵڵای هەمەدانی" چەند جارێک ناوی کوردستانی هێناوە. هەر لەو بارەوە د.جەمال ڕەشید دەڵێ: "لە سەدەی "١٢"ی زایینی –ماتیۆس ئۆرۆفلی مێژوونووسی ئەرمەنی ناوی کوردستانی هێناوە". دواتریش لە سەردەمی جەلائیریەکان لە سەرەتای سەدەی "١٥"ی زایینیدا وشەی کوردستان شوێنی وشە هاوواتاکانی تری گرتۆتەوە، بەڵام لە سەدەی حەڤدەدا وشەی "کوردستان" بە ڕەسمی بەکارهاتووە.

## دەوڵەتی میدیا

یەکەم ئاماژە بۆ میدیاکان بۆ سەدەی (٩)ی پ.ز دەگەڕێتەوە، کە لە دەقێکی ئاشووریەکان لە شێوەی (ئەمادی) هاتووە. لە چەند دەقێکی تریشدا بە شێوەی (مادادانوتی) ناویان هاتووە، بە مانای مادە پاڵەوانەکان.

سەرەتای دەوڵەتی میدیا بۆ (دیاکۆ) دەگەڕێتەوە، کە یەکێک بووە لە سەرۆک هۆزە دیارەکانی ناوچەی میدیا. ئەو توانی هۆزەکانی ناوچەکە یەکبخات و دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنێت و دواتریش هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئۆرارتویەکاندا ببەستێ و هێرش بکاتە سەر ئاشووریەکان، بەڵام هێرشەکەیان سەرکەوتوو نەبو. دوای ئەوەی لە سەدەی (٧)ی پ.ز پاشایەکی دیکەی میدی بە ناوی (فراوەرتیس) دەرکەوت. ئەویش جارێکی تر هۆزەکانی یەکخستەوە و دەسەڵاتێکی بەهێزی دروستکرد. سەرەتا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ (سکیت)یەکان بەست. دواتر پەیوەندییەکەی کردە هاوپەیمانێتی بۆ لێدانی ئاشوورییەکان. سکیتییەکان ناپاکیان لە میدیەکان کرد و هێرشیان کردە سەر میدیا و کۆتاییان

به دەسەڵاتەکەی (فراوەرتیس) هێنا و بەم جۆرە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ دەوڵەتی میدیا کەوتە ژێردەستی سکتییەکان.

دوای ئەو بیست ساڵە و لە کۆتایی سەدەی حەوتی پێش زاین لەنێو میدییەکان پاشایەک بە ناوی (کەیخوسرەو) دەرکەوت و شۆڕشی کرد و سکیتییەکانی وەدەرنا و هۆزەکانی کۆکردەوە و دەسەڵاتێکی بەهێزی دامەزراند و شاری (ئەکباتان)ی ڕێکخستەوە و کردی بە پایەتەختی وڵاتی میدیا. ئەکباتانی ئەوسا (هەمەدان)ی ئێستایە. کەیخوسرەو لەگەڵ بابلییەکان هاوپەیمانێتی گرێدا و هێرشی کردە سەر ئاشوریەکان و ئەمجارە سەرکەوتن و لە ساڵی (٦١٢)ی پ.ز شاری نەینەوا (موسڵ)ی پایتەختی ئاشوریەکانیان داگیر کرد.

لێرەوە دەوڵەتی میدیا بووە یەکێک لە دەوڵەتە هەرە بەهێزەکانی ناوچەکە و سنوورەکەی ناوچەکانی میدیا و فارس و ئاشور و تاوەکو سنوورەکانی ئاسیای بچووکی گرتەوە. دوای کەیخوسرەو (ئیستیاکۆس)ی کوڕی دەبێتە پاشا. (ئیستیاکۆس)یش لەلایەن (کۆرش)ی کچەزایەوە کودەتای بەسەردا دەکرێ و لە ساڵی (٥٥٠)ی پ.ز بەیەکجاری کۆتایی بە دەوڵەتی میدیا دێ. دواتر گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی جیهانی کۆنی دامەزراند، کە بە ئیمپڕاتۆرییەتی (ئەخمینی) ناسراوە.

لەوە بەدواوە هەتا هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە، کورد هەندێک میرنشینی لاوازی هەبووە و کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی ساغکردنەوە و یەکلاییکردنەوەی ململانێکانی نێوان ئەوروپا و ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینی و پارسیی بوو.

**کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (میرنشینە کوردییەکان)**

لە ساڵی ٣٥ی کۆچی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئاینی ئیسلامیان وەرگرت و لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا (٤١ – ١٣٢)ک کوردستان بووەتە شوێنی ململانێی خەواریجەکان ، هەر بۆیە کورد تووشی ستەمێکی زۆر بوونەتەوە و لایەنگری عەباسییەکانیان کردووە کە لەنێوان ساڵانی (١٣٢ – ٦٥٦ک) بەرانبەر (٧٥٠ – ١٢٥٨ز) فەرمانڕەوایەتییان کرد. لە ساڵانی بەر لە ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی کاتێک ڕووی سیاسیی و کارگێڕییەوە بێهێز و لاواز بوو، لە ئەنجامدا چەند میرنشینێکی کوردی دەرکەوتن، لەوانە:

**١. میرنشینی حەسنەوی:** لە سەدەی دەیەمی زیانییدا لە ناوچەی جوبەیل کە ئەو کات لە باشووری ناوچە کوردنشینەکان بوو، بنەماڵەیەکی کوردی بە ناوی (حەسنەوی)یەوە، دەستەڵاتی پەیداکردووە. ساڵی ٩٤١ز سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە، سوپا و دەستەڵاتی خۆی پێشخستووە و شارەکانی (هەمەدان، مەهاباد، کرمشان وشارەزور)ی خستووەتە ناو قەڵەمڕەوی خۆیەوە. دەوڵەتی حەسنەوی

پارە و پوولّیشی هەڵکەند و سیستێمی ئابووریی ناوەندیی پێک هێنا. لە کوردستاندا ڕێگاوبان و ئاواییان دروست کردەوە. دەستەڵاتی حەسنەوی تا ساڵی ١٠١٤ز بەردەوام بووە.

**٢. میرنشینی شەددادی:** ساڵی ٩٥١ز لە لایەن محمد شەددادییەوە دامەزراوە کە سەرۆکی تیرەی ڕەوادی بووە، لە ساڵی ٩٥١ی زاییندا سەرۆکی تیرەی ڕەوادی، محەممەد شەدادی دەوڵەتی شەدادیی <u>کوردی</u> دامەزراند و سنوورەکەیشی، لە شاری ڕەواندزەوە تاکو شاری گەنجە (<u>ئازەربایجان)ی</u> ئێستا دەکشا، لەو کاتەدا لە ڕۆژهەڵاتی کورستاندا دەوڵەتی شەدادی و لە باکووری کوردستاندا دەوڵەتی مەروانی و لە باشووریشدا دەوڵەتی حەسنەوی هەبوون. ئەم سێ دەوڵەتەی کورد، هەموو هاودەمی یەکتر بوو. لە سەردەمی دەوڵەتی شەدادیدا، ژیانی کولتووری و هونەری زۆر پێش کەوت لە ساڵی ١٠٨٨دا شای سەلجووقییەکان هێرشێکی مەزنی بردە سەر دەوڵەتی شەدادی کۆتایی پێهێنا.

**٣. میرنشینی مەڕوانی:** لە ساڵی ٩٨٥ی زاییندا باد دۆستەک میرنشینی مەروانی دامەزراند و مەییافەرقین (سلیڤان)ی کردە پایتەخت بۆ خۆی. سنووری دەوڵەتی مەروانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا فراوانکرا و تاکو هەرێمی نسێبین، جەزیرە، مەعدەن، ئامەد، ڕەحا، بەدلیس و مەلازگریی گرتەوە. ئەو پاشایانەی کورد کە دوای دۆستەک هاتن، دەوڵەتی مەروانییان بەباشی و خۆشی ڕاگرت، بەتایبەتی لە سەردەمی پاشایەتیی ئەحمەد مەروان (ناسرلدەوله)دا، خەڵک بە ئازادی و سەرفەرازی دەژیا. لە دەوڵەتی مەروانیدا شارستانێتی و هونەر زۆر پێش کەوتن. پەیکەری مەییافەرقین و ئامەد دیاربەکری سەرلەنوێ دروست کرایەوە. گەلێک مزگەوت و کاروانسەرا و پرد دروست کران. لە کۆشکی پاشایانی کورددا مۆسیقا، سەما و هەڵپەڕکێ پەرەی سەند و کاری هونەری پێشکەوت و دەوڵەمەند بوو، لە کاتی بوونی دەوڵەتی مەروانیدا، دەوڵەتی تورکە سەلجووقییەکانیش هەبوون، لە سەردەمی مەنسووری ناسرلدەولەدا، توغرولبەگ سوڵتانی سەلجووقییەکان بوو، لە ساڵی ١٠٤٣دا توغرولبەگ بە سەرۆکایەتیی توغا ئاسغلی ١٠٠٠ سواری ناردە سەر مەییارفەرقین، بەڵام هێزی سەلجووقیی تورک بەرامبەر سوارچاکیی مەروانی خۆیانیان ڕانەگرت و شکان و تالانیش کران، ئیتر لە دوای ئەوەوە تورک خۆی دوور ڕا دەگرت، لە سەردەمی ناسرولدەولەدا دەوڵەتی مەروانی بەرەو کزی چوو و نیزامولمولکی سوڵتانی سەلجووقییەکان، بە هەلی زانی و هێزێکی سوارەی بە سەرکردایەتیی فەخرولدەولەی ناردە سەر مەروانییەکان. فەخرولدەوله لە نزیکی ئامەد لەشکری خۆی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بە سەرۆکایەتیی کوڕەکەی خۆی، زەعمیرولڕوئەسا، ناردە سەر ئامەد و خۆیشی لەگەڵ هێزەکەی تردا هێرشی کردە سەر (وان) کە پایتەخت بوو، ناسرلدەوله ناچار بەرەو جەزیرە هەڵات، لە ساڵی ١٠٨٦دا و دوای مییافارقەین و ئامەد، ئیتر دەوڵەتی مەروانی کەوتە ژێر دەستی تورکە سەلجووقییەکانەوە. لە ساڵی ١٠٩٧دا کۆتایی بە دەسەڵاتی مەروانی هات.

**٤. دەستەڵاتی ئەیوبییەکان:** ئەیوبییەکان تیرەیەکی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاون. نورەدین مەحمود لە سەدەی دوانزەیەمدا دەوڵەتی زەنگی لە ناوچەکانی کەرکوک، موسڵ حەلەب دامەزراند. لەو

کاتەدا خاچپەرستانی ئەوروپا، بە ئەنادۆڵدا هێرشیان کردە سەر شاری قودس. تورکە سەلجوقییەکان و فاتیمییەکانی میسر نەیانتوانی ڕێگا لەو لەشکرە بگرن، سەرۆکی دەوڵەتی زەنگی نورەدین مەحمود بۆ پاراستنی قودس لەگەڵ خاچپەرستەکاندا کەوتە شەڕ، پاشان هێزێکی گەورەی بە سەرکردایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی ناردە پایتەختی دەوڵەتی فاتیمی لە میسر.ساڵی ١١٧١ز سەلاحەدینی ئەیوبی دەستی بەسەر دەوڵتی فاتیمیدا گرت و دەوڵەتی ئەیوبی لە جێی ئەودا دامەزراند. هەتا ساڵی ١١٧٤ سنووری دەوڵەتی ئەیوبی ئیسلامی لە میسرەوە تاوەکو حیجاز، یەمەن، فەلەستین، سوریا، کوردستانی لە ژێر دەسەڵاتدا بوو.

سەلاحەددینی ئەیووبی توانی شاری قودس لە خاچپەرستانی ئەورووپا ڕزگار بکات و هێزی خاچپارێزانی ڕەتاند و ناوی قوماندارێتیی کورد لە تەواوی جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەگەرچی سەلاحەدین و هەندێکیش لە لەشکرەکەی کورد بوون، بەڵام دەوڵەتی ئەیووبی خۆڕسک دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی نەبوو، بەڵکوو دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، چونکوو لە سەردەمی ئەو کاتەی ئیسلامدا، ئەو دەوڵەتانەی دادەمەزران، لەسەر بنچ و بناوانی نەتەوەیی دانەدەمەزراند، چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی لەو ئاستەدا نەبوو کە ببێتە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

سەلاحەددینی ئەییووبی لە ساڵی ١١٩٣دا مرد و ئیتر دەوڵەتی ئەیووبی بەرەو سستبوون دەچوو، تاکوو لە ساڵی ١٢٥٠دا دەوڵەتی ئەیووبی کۆتایی پێ هات. ئێستاش گۆڕی سەلاحەددینی ئەییووبی لە شاری شامە و لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە: «سەلاحەدینی کورد».

## مێژووی نوێ و هاوچەرخ

میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی ململانێی ڕۆم و عەجەمدا

**١. میرنشینی ئەردەڵان:** میرنشینیی ئەردەڵان لەلایەن بابائەردەڵانەوە دامەزرێنراوە، ئەم میرنشینە نزیکەی ٦٥٠ ساڵ دەسەڵاتی هەبوو. کاتێ مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر کوردستان، بابائەردەڵان سیاسەتی بەرامبەر ئەوان بەکار هێنا و لەگەڵیاندا نەکەوتە شەڕ، جا لەبەر ئەوە تا دەهات دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان لە هەرێمی شارەزوور و هەوراماندا مەزنتر و بەرفراوانتر دەبوو. بە ئامانجی ئەوەی کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دامەزرێنێ. ئەوە بوو لە دواییشدا تا ڕادەیەک گەیشتە ئامانجی خۆی و دەوڵەتێکی هەرێمیی نەتەوەییی تەمەندرێژیشی دروست کرد.

لە سەدەی چواردەیەمدا، لە عێراقدا دەوڵەتی جەلائیری دروست بوو و توانییان بەشی ڕۆژاوا و باکووری ئەردەڵان بگرن؛ بەڵام لە سەدەی پازدەیەمدا سەرۆکی میرنشینی ئەردەڵان، میرحەسەن، باکوور و ڕۆژاوایشی لەژێر دەستی جەلائیرییەکان ڕزگار کرد و زێی گەورەی کردە سنووری باکووری میرنشینی ئەردەڵان و لە ڕەواندزیشدا بنکەیەکی سەربازیی دروستکرد. لەو سەردەمەدا وێژە و هونەر و زمانی کوردی لە مزگەوتەکاندا زۆر پێش کەوتن و گەلێک بەرهەم بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە.

عوسمانییەکان لە ساڵی ١٥٤٩دا هێرشێکی گەلێک مەزنیان بردە سەر ڕەواندز و لە نێوان عوسمانییەکان و هێزی میرنشینی ئەردەڵاندا شەڕێکی دژوار ڕووی دا، عوسمانییەکان سەر نەکەوتن و شکستیان هێنا.

لە میرە ناودارەکانی ئەم میرنشینە (هەڵۆ خان) و (خان ئەحمەد خان) و و (ئەمانوڵڵا خان)ن. ئەمانوڵڵا خان باوکی خەسرەو خانی هاوسەری مەستوورە خانی ئەردەڵانییە کە یەکەم ژنە مێژوونووس و شاعیری کوردە. خەسرەو خان لە دوای باوکی دەبێت بە میری ئەردەڵان بەڵام بە هۆی نەخۆشییەوە هەر لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا دەمرێت، بۆیە پێی دەڵێن خەسرەو خانی ناکام. دوای خۆی دوو کوڕی بەجێهێشتووە کە هەمیشە لەسەر تەختی پاشایاتی ناکۆک بوونە و لە کۆتاییدا بە هۆی ناکۆکی ئەوانەوە لە لایەک و هێرشی عوسمانییەکان لە لایەکی ترەوە ساڵی ١٨٦٤ز لەناوبرا کۆتایی بە میرنشینەکەش هات.

**٢. میرنشینی بادینان:** میرنشینێکی کوردستانە لەساڵی(١٢٦٢)ز لەلایەن (شێخ بەهاددین شێخ سەیفەدین) لە ناوچەی ئامێدی دامەزراوە، پاشان بەرەو ناوچەکانی دهۆک و ئاکرێ و زاخۆ کشاوە، دوای ئەوە گەورەتر بوو و گەلێ ناوچەی تر لە ناوچە شاخاوییەکانی هەکاری هاتۆتە سەر. لە پاش شەڕی چاڵدێرانی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان لەساڵی(١٥١٤ز) میرنشینی بادینان بووە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی تورکەکان، وەکو سەرجەم میرنشینەکانی تر سەیر ئەکرا و دانی پێدانرا لە سەرەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢–١٥٢٠ز) سوڵتان سلێمان ، میری کرد بە میری میرنشینی بادینان ، ئەم میرنشینە کوردییە تا ساڵی (١٨٤٧ز) مایەوە واتە لەو ساڵە بە دواوە میرنشینی بادینان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەناو برا بە پێی پەیماننامەی ئەرزۆمی دووەمی ساڵی (١٨٤٨ز)ی نێوان هەر دوو دەوڵەتی قاجاری فارسان و دەوڵەتی عوسمانییانی تورکان بە ناوبێژیەتی هەر دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەو کاتەی جیهان ڕووسیای قەیسەری و بەریتانیای مەزن .کەنزیکی (٢٥) میر فەرمانڕەوایان لەم میرنشینە داکردووە.کە دوا میریان میرمەسعودە، کە بەرەو ناوچەی بارزان هەڵهات، دواتر ناوچەکە ڕاستەوخو لەلایەن عوسمانیەکانەوە بەڕێوەبرا.

**٣. میرنشینی سۆران:** میرنشینی سۆران لەلایەن کەڵۆس بەگەوە دامەزراوە. کەڵۆس کوردێکی زۆر ناودار بووە. لە سەردەمی میەر مستەفادا بارودۆخی میرنشینی سۆران گەشە دەکات و خۆش دەبێت. میر مستەفا لە ساڵی ١٨١٣دا دەسەڵاتی میرێتی دەداتە دەستی کوڕەکەی خۆیەوە کە ناوی میر محەممەد بووە، میر محەممەد پیاوێکی هۆشیار و زیرەک بووە، زۆر بەناوبانگ بووە، ئەم میر محەممەدە زیاتر بە پاشا کۆرە بەناوبانگ بووە.

میر محەممەد کاروباری میرێتی دەکاتە دوو بەشەوە:

- چارەسەرکردنی شەڕ و گێرەوکێشەی ناوخۆیی.

- خەبات لە پێناوی بەرفراوانکردنی میرنشینی سۆراندا. میرمحەمەد، پاشا کۆرە پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر میرێتییەکەیدا، واتە لە ساڵی ١٨١٦دا کارخانەیەکی چەکی لە کاولان کە نزیکی ڕەواندزە دروست کرد.

لەو کارخانەیەدا، شمشێر تفەنگ و گوللە و تۆپ و چەرخی تۆپ و هتد.. دروست دەکران.

پاش ئەوەی میر سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و دەستی دایە خەباتی بەرفراوانکردنی سنووری میرنشینییەکەی و ئۆردووگایەکی سەربازیی لە ٣٠،٠٠٠ سەرباز دروست کرد، لەوانە ١٠،٠٠٠ سوار و ٢٠،٠٠٠ پیادە بوون.

لە ساڵی ١٨٣٣دا سنووری میرنشینیی سۆران گەلێک بەرفراوان بوو. لە باکوورەوە دەگەیشتە جزیرە و لە باشووریشەوە تاکوو زێی بچووک و لە لایەکی تریشەوە دەگەیشتە سنووری میرنشینی بۆتان.

میرمحەمەد بۆ بەڕێوەبردنی میرنشینیی خۆی، سیستەمێکی دانا، لە سیستەمەکەدا کۆگایەکی سێ بەشیی پێک هێنا:

- بەشی ماڵ و ملکی تایبەتیی میر.
- بەشی داهات و باج.
- بەشی دارایی و فەرمانڕەوایی و شارەکان و هتد...

میرمحەمەد لە ساڵی ١٨٣٠دا لەشکرێکی مەزنی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم پاشا، دژی سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی ناردە سەر سووریا و لە لایەکی تریشەوە لەشکرێکی تری بە سەرۆکایەتیی میرموراد ناردە ئێران و ئەو ناوچانەی کوردیان تیا دەژیا میر لە ساڵی ١٨٣٤دا پەیمانێکی ئاشتیی لەگەڵ ئێراندا مۆر کرد.

دەوڵەتی عوسمانیش هەردەم خەریکی پلانی هێرش بردنە سەر میرنشینی سۆران بوو، بەڵام هەر سەر نەدەکەوت لە ساڵی ١٨٣٦دا عوسمانییەکان بە سەرۆکایەتیی ڕەشید پاشا، هێزێکی گەورە و گرانیان ناردە سەر میرنشینی سۆران و شەڕێکی قورس بەرپا بوو. لە دواییدا هێزی عوسمانی توانیی دەوروبەری میرنشینیی سۆران بگرێ دوایی میرمحەمد خۆی چوو بۆ ئەستەمبوڵ. سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی میری ئازاد کرد، بەڵام لە گەڕانەوەدا بۆسەیەکیان بۆ دانا و میرمحەمەد، پاشای کۆرەیان کوشت و میرنشینیی سۆرانیان هەڵوەشاندەوە.

**٤. میرنشینی بابان:** میرنشینی بابان لە بنەڕەتدا بە ناوی فەقێ ئەحمەدی بابانەوە دامەزراوە. لە ساڵەکانی ١٦٨٦ بەدواوە بەهێز بووە و دواییش دەسەڵاتی گرتووەتە دەست. لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا میرنشینی بابان لە ڕووی سیاسییەوە و دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵێکی زۆر گرینگی بینیوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەسەڵات و هێزی سەربازیی میرنشینی بابان. دەسەڵاتی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ ساڵێک لەمەوبەر. ئەم میرنشینە دەکەوێتە ناوچەی سلێمانییەوە، لە باشووری میرنشینی سۆرانەوە و تاکوو بەشێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. لە ڕۆژاواشەوە تەواوی

ناوچەی کەرکووکی دەگرتەوە. بەشێکی ناوچەی شارەزوور لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی باباندا بوو. پایتەختی میرنشینی بابان قەڵاچوالان بوو. دوای ئەوەی دادوەری گوندی مەڵکەندی، ئیبراهیم پاشا، بە ناوی سلێمان پاشاوە، لە ساڵی ١٧٨٤دا دەستی بە دروستکردنی شارێک کرد و ناوی سلێمانیی لێ نا و دواییش کرا بە پایتەختی میرنشینی بابان

لە سەردەمی میرنشینی باباندا گیروگرفتی ناوخۆیی زۆر بوو، ئەمە زۆر کاری کردە سەر بێهێزی و لاوازکردنی ئەم میرنشینە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە عوسمانی و فارس بەپێی ڕێککەوتنی پەیمانی قەسری شیرین میرنشینی بابانیان لە ناو خۆیاندا بەش کرد. ئیتر لە دوای ئەوەیش میرنشینی بابان جارێ دەکەوتە ژێر دەستی عوسمانی و جارێکی تریش ژێر دەستی فارس

لە سەردەمی میرعەبدولڕەحمان پاشادا جارێکی تریش میرنشینی بابان بەهێز بووەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٢٢دا بە لەشکرێکی زۆر بەهێز و لەژێر سەرکردایەتیی مامەد پاشا خۆیدا، هێرشی بردە سەر سلێمانی کە پایتەختی میرنشینی بابان بوو

نزیکەی ٥٠٠ کەس لە لەشکری عوسمانی کوژرا، بەڵام لە دواییدا عوسمانییەکان توانییان شاری سلێمانی بگرن. مەحموود پاشا لە دوای مردنی باوکی بوو بە سەرۆکی میرنشینی بابان و تاکوو ساڵی ١٨٣٤ دەسەڵات بە دەستی ئەو بوو و دوای ئەویش دەسەڵاتی میرنشینی بابان تاکوو ساڵی ١٨٥١ بە دەستی سلێمان پاشا بوو

ئەوەی شایانی باسە، لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم میرنشینەدا زمان و ئەدەبی کوردی زۆر پەرەی سەند، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی شازدەوە تاکوو نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە

دروستبوونی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بە ڕێبەرایەتیی نالی ١٧٩٧ ١٨٥٥ و هاوڕێکانی، سالم و کوردی و مەحوی کە شەقڵشکێنی شیعری کوردی بوون لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا و دواییش بوو بە زمانی ئەدەب و نووسین و زۆر لە شاعیرانی تریش هەر لەسە ئەو ڕێچکەیە ڕۆیشتن و پەیڕەوییان کرد و پەرەیان بەو زمانە ئەدەبییە دا

**٥. میرنشینی بۆتانی:** پایتەختەکەی شاری جەزیرە بوو، کە دەکەوێتە تەنیشت ڕووباری دیجلە. ڕێگای بازرگانی دیاربەکر، موسڵ، بەغدا، ئەستەنبۆڵ بە قەڵەمڕەوی ئەم میرنشینەدا تێدەپەڕی. ساڵی ١٨٢١ز میر بەدرخان جڵەوی حوکمی گرتە دەست و بانگهێشتی تەواوی میرنشینەکانی تری کرد بۆ یەکگرتن و دروستکردنی کوردستانی گەورە. هەندێکیان بەدەم داواکەیەوە هاتن و هەندێکی تریش فەرامۆشیانکرد. هەربۆیە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا توشی شەرێکی گەورە هات و ناوچەیەکی فراوانی لە کوردستان رزگارکرد. بەڵام ساڵی ١٨٤٧ز ئامۆزایەکی میر بەدرخان بە ناوی یەزدان شێر ناپاکی دەکات و پایتەختەکە ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی دەکات. هەرچەندە میر ڕادەست نابێت و شەڕدەکات، بەڵام لە کۆتاییدا دەستگیردەکرێت و بۆ ئەستەنبۆڵ دووردەخرێتەوە و میرنشینەکەش بە یەکجاری لەناو

دەچێت. یەزدان شێریش وەک هەر ناپاکێکی تر لە پاداشتی ناپاکییەکەیدا بە دەستی عوسمانییەکان لەناودەچێت.

## چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی کورد

### ١.بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری:

شێخ عوبەیدەڵڵای نەهری ساڵی ١٨٣٠ز لەدایکبووە. کەسێکی ناودار و دەسترۆیشتووی ناوچەی شەمزینان بوو. لە هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و تورکیای عوسمانی جەماوەر و شوێنکەوتووی خۆی هەبووە. ساڵی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ز لە جەنگی ڕووسیادا یارمەتی سوپای عوسمانی داوە. پاشان داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی گوێی بە داواکانی نەداوە، بۆیە لە ساڵی ١٨٨٠ز شۆڕشی بەرپاکردووە و دەستی بەسەر ناوچەی شەمزینان و هەکاریدا گرتووە و بەرەو ناوچەی مەهابادی ئێران پێشڕەوی کردووە و دەستی بەسەرداگرتووە. ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە دڵی کاربەدەستانی مەراغە و تەورێزەوە. بۆیە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی بڕیارپیاندا شۆڕشەکەی شێخی نەهری دابمرکێننەوە. ڕووسیاش سنووری خۆی لەناوچەی قەوقاز لەسەر داخست. شێخیش ناچاربوو بەرەو شەمزینان پاشەکشە بکات و خۆی رادەستی دەوڵەتی عوسمانی بکات. دواتر لە ئەستەنبۆڵ لە زیندان هەڵدێت و دەگەڕێتەوە شەمزینان و جارێکی تر عوسمانییەکان هێرشدەکەنەوە سەری و دەستگیریدەکەن و ئەمجارە لەسەر داوای خۆی بەرەو حیجاز دوورخرایەوە و هەر لەوێش کۆچیکردووە.

### ٢. ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ:

ساڵی ١٩١٦ز بەریتانیا و فەرەنسا ریککەوتننامەی سایکس پیکۆیان واژۆکرد و ویلایەتەکانی ئاسیا و ئیمپراتۆریای عوسمانی  کە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانیشی دەگرتەوە، لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد.

### ٣. بزوتنەوەی سیاسیی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی:

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دارمانی دەوڵەتی عوسمانی، کوردستانیش وەکو زۆربەی وڵاتە تازە دروستبووەکانی ئاسیا و باکووری ئەفریقیا هەوڵیدا وەکو نەتەوە و قەوارەیەک دانیپێدابنرێت. پاش ئەوەی شێخ مەحمودی حەفید دەستەڵاتی لە زۆربەی ناوچەکاندا گرتە دەست ئینگلیزەکان دانیان بە حوکمداری ئەودا نا لە سلێمانی. ساڵی١٩١٩ز شێخ مەحمود وەک شای کوردستان سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند. بەڵام هەر هەمان ساڵ ڕووبەڕووی هێزەکانی ئینگلیز بووەوە، بەڵام شکستیهێنا و دوورخرایەوە. ساڵی ١٩٢٢ز بۆ جاری دووەم شێخ مەحمود کرایەوە بە حاکمی کوردستان و

سەرلەنوێ دەستی بە جموجۆڵی سیاسی کردەوە" تا ساڵی ١٩٣٠ز بزوتنەوەکەی جارێکی تر دامرکێنرایەوە.

٤. پەیماننامەی سیڤەر: ساڵی ١٩٢٠ لەنێوان وڵاتە هاوپەیمانەکان و تورکیادا واژۆکرا. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە دان بە ئۆتۆنۆمی سنووردار و مافی چارەنووسی کورد نرا.

٥. پەیماننامەی لۆزان: ساڵی ١٩٢٣ز لەنێوان تورکیا و وڵاتانی هاوپەیمان و جێگەی پەیماننامەی سیڤەری گرتەوە. ئەم پەیماننامەیە ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسینی کوردی ڕەتکردەوە.

٦. بزوتنەوەی سمکۆ: ساڵی ١٩٢٤ز بزوتنەوەیەکی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرکردایەتی سمایل خانی شکاک (سمکۆ) سەریهەڵدا و تا ساڵی ١٩٣٠ز بەردەوام بوو، دواتر لەلایەن ئێرانەوە سەرکوتکرا و سمکۆش بە فێڵ لەلایەن ئێرانەوە شەهیدکرا.

٧. بزوتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان: ساڵی ١٩٢٥ شۆڕشی کورد لە تورکیا بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران سەریهەڵدا. ساڵی ١٩٢٦ز سەرکردە کوردەکانی باکوور لیژنەی (خۆیبوون)یان ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٢٧ز ڕاپەڕینی کورد لە ئارارات سەریهەڵدا. ساڵی ١٩٣٦ز ڕاپەڕینی ناوچەی دەرسیم بەرپابوو لە دژی حکومەتی تورکیا و پاشان لەلایەن دەستەڵاتدارانی تورکیاوە سەرکوتکرا و دانیشتووانی ناوچەکە جینۆسایدکران.

٨. ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان لە باشوور: ساڵی ١٩٣١ شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی کرد لە دژی دەستەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی عیراق. بەڵام دوای ماوەیەک سەرکوتکرا و شێخ ئەحمەد و ژمارەیەک لە لایەنگرانی دەستگیرکران و هەندێکیان بەبێ دادگاییکردن لە سێدارەدران.

٩. جموجووڵی کورد لە خۆرئاوا (سووریا): سەرەتا جموجووڵی کورد لە سووریا بۆ ساڵی ١٩٣٧ز دەگەڕێتەوە کە لە دژی داگیرکاریی فەرەنسی بوو. پاشان لە ساڵی ١٩٣٩ز لە ناوچەی (جبل الاکراد) شێخ ئیبراهیم سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی تری کردووە.

١٠. کۆماری کوردستان: لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، شا لە ئێران بە تەواوی لاواز ببوو، قازی محەمەدیش ئەم هەلەی قۆستەوە و بە سوود وەرگرتن لەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو سەردەمە لەو ناوچەیەدا هەیبوو، لە ٢٢/ ١/ ١٩٤٦ کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە پایەتەختەکەی شاری مەهاباد بوو و سنوورەکەی لەوکاتەدا مەهاباد و شنۆ و سەردەشت و بانە چەند ناوچەیەکی تری لەخۆگرتبوو. لەو سەردەمەدا کۆمار جێگای ئومێد و هیوای تەواوی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو، هەر بۆیە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە کوردستانییانی ڕۆشنبیر شاعیر و نووسەران و ئەفسەر و دەرەجەدارانی کورد لە لەشکری عیراق و ئێران چوونە ڕیزی پێشمەرگەی کۆمار و تەنانەت وشەی (پێشمەرگە) لە سەردەمی کۆماردا هاتە ناو ئەدەبیاتەوە. مەلا مستەفای بارزانیش بە هێزێکی زۆرەوە پەیوەندی بە کۆمارەوە کردووە . بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ز

ئێران توانی دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێتەوە و کۆمار لەناوببات. قازی محەمەد و چەند هاوڕێیەکی لەسێدارەدا. مەلا مستەفاش لەگەڵ هێزەکەی بەرەو یەکێتی سۆڤییەت چوون و هەتا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی عیراق لەویٚ مانەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٥٩ز گەڕایەوە کوردستان. ئەو چوار ئەفسەرەش (مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزین، خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی) کە لەگەڵی بوون، نەچوون بۆ سۆڤیەت، بەڵکو گەڕانەوە بۆ عیراق لە سێدارەدران.

**قۆناغی شەڕی سارد:**

**شۆڕشی ئەیلول:** لە (١١)ی ئەیلولی ز١٩٦١ بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی شۆڕشێکی فراوان دەستپێیکرد کە دواتر بە شۆڕشی ئیلول ناوی دەرکرد. ئەم شۆڕشە حکومەتی عێراقی ناچارکرد، کە ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ز واژۆبکات و دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بنێت. دواتر لە ڕێگای ڕێککەوتننامەی جەزائیرەوە لە (٦) ئاداری ١٩٧٥ز هەرەسیان بە شۆڕشی ئەیلول هێنا. ئەندازیاری ریکەوتننامەی جەزائیر هەواری بۆمدیان سەرۆکی ئەوکاتی جەزائیربوو کە توانی شای ئێران و سەدام حوسێن کۆبکاتەوە و ڕێککەوتننامەکە واژۆبکەن، کە بریتییبوو لەوەی شای ئێران دەست لە پشتیوانیی شۆڕشی ئەیلول هەڵبگرێت و لە بەرانبەردا عێراق بەشێک لە خاکی عێراق و ئاوی (شط العرب) بدات بە ئێران. بەڵام خۆشبەختانە ئەم هەرەسە هەر چەند مانگێکی خایاند و لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥ دووبارە شۆڕش دەستپێکردەوە و چەندین هێزی سیاسیی شۆڕشگێری کوردی ڕۆڵیان تێدا بینی.

بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ز و دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵی ١٩٨٠ز عیراق ڕێککەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە و لە هەموو پەیمان و بەڵێنەکانی خۆی بۆ ئێران پەشیمان بووەوە، ئەمەش بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران کە لە عێراق بە جەنگی قادسیەی دووەم یان قادسییەی سەدام ناوی دەرکرد. هاوکات شۆڕشی نوێی گەلی کوردیش ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر و بەهێزتر دەبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ز شەڕ وەستاو عێراقیش بە هەموو هێزییەوە هێرشی کردەوە سەر شۆڕشی کوردستان و بە دڕندانەترین شێوە هەوڵی داپڵۆسین و لەناوبردنی دا، ئەوەبوو کۆتایی بە شۆڕشی نویٚ هێناو بە بەرچاوی هەموو دونیاوە کۆمەڵکوژییەکی زۆری گەلی کوردی کرد و زیاتر ( ١٨٢٠٠٠) هەزار مرۆڤی کوردی ئەنفالکرد و چەندین شار و لادێی کوردستان کیمیباران کرد وەکو هەڵەبجە و بالیسان و شێخ وەسان و گۆپتەپە و عەسکەر. هەتا لە ساڵی ١٩٩٠ز عیراق هێرشی کردە سەر وڵاتی کوێت و داگیریکرد، شەڕی هاوپەیمانان بۆ رزگارکردنی کوێت لە دەستی عیراق لە (١٧ / ١/ ١٩٩١)ز دەستپێیکرد و هەموو ژێرخان و سەرخانی عیراق وێران بوو، گەلی کوردیش ئەم هەلەی قۆستەوە و لە (١٩٩١/٣/٥)ز ڕاپەرین دەستپێکرد و زۆربەی ناوچەکانی

کوردستانی ئازادکرد و له ساڵی ١٩٩٢ز یەکەم پەرلەمان و حکومەتی کوردستان له ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتییەوە، دامەزرا.

## شۆڕشی گەلی کورد له باکووری کوردستان (تورکیا):

دوای ١٠ ساڵ له کاری ڕێکخستنی نهێنی، ساڵی ١٩٨٤ پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) له باکووری کوردستان ئاگری شۆڕشی هەڵگیرسان و تا ئێستاش وێڕای بەدیلگرتنی ڕێبەری شۆڕشەکە، بەڵام شۆڕشەکە هەر بەردەوامە و بگرە بەهێزتریش بووە.

## شۆڕشی گەلی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران):

شۆڕشی کوردی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان له ساڵی (١٩٦٥ – ١٩٦٨)ز دەستپێکردووە و دوای ڕوخانی شای ئێران له ساڵی ١٩٧٩ز ناوچەیەکی زۆری کوردستانیان ئازادکرد، دواتر خومەینی به زەبری هێزی سەربازی هەموو کوردستانی داگیرکردەوە، بەڵام ئاگری شۆڕش لەو پارچەیەی کوردستان تا ئێستاش به ڕێبەرایەتی چەندین هێزی کوردیی نەتەوەیی و مارکسیی هەر بەردەوامە و چەندین سەرکردە و ڕێبەریشیان لەو پێناوەدا شەهیدبووە، وەکو سولەیمان موعینی، کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، دکتۆر سادق شەرەفکەندی و ... هتد.

# وەرزی دووەم

- زمان
- ئەدەب

# زمان

## زمان چییە؟

زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی دیکە و دەوروبەر دیاریدەکات، بەبێ زمان کۆمەڵگە نایەتە کایەوە، چونکە بەبێ بەکارهێنانی زمان هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە پێکنایەت و بەبێ بوونی زمان شارستانییەت بەردەوام نابێت.

پێناسەی دیاردەیەکی وەک زمان کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر دەکرێ و هەر توێژەرێک لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆیەوە پێناسەی دەکات.

**ئەفلاتون:** زمان دیاردەیەکی سروشتییە" خوداوەند بە مرۆڤی بەخشیوە.

**ئەرەستۆ:** زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەنگ و واتاکان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە ئاخێوەران لەسەری ڕێککەوتوون.

**بلوخ و تراگەر:** زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی وتن و بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆوە وەردەگرن.

**ساپیر**: زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە.

**چۆمسکی**:  زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریاندەکات).

**دی سۆسێر**: زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتیی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات.

**محەمەد مەعروف فەتاح:** زمان ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ پاراستن و گەیاندنی کلتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر .

## تایبەتمەندییەکانی زمان:

### ١. زمان پێڕەوە:

ئەگەر زمان خاوەنی سیستەم و پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت، ئەوا کەس ناتوانی فێری بێت، لە ڕاستیدا زمان لە دوو پێڕەوی سەرەکی پێکدێت: پێڕەوی دەنگ و پێڕەوی واتا، پێڕەوی دەنگی زمان لەوەدا دەردەکەوێت، کە لەو هەموو دەنگە جۆربەجۆرانەی مرۆڤ دەتوانێت دەریان ببڕێت، هاوزمانان تەنیا کەڵک لە ژمارەیەکی زۆر کەم لەم دەنگانە وەردەگرن، پێڕەوی دەنگی زمان ڕێگای ئەوەمان دەدات، کە

ژمارەیەکی کەمی دەنگ دووبارە و سێ بارە بکەینەوە لە ڕۆنانی جیاجیادا تاکو دانەی واتایی دروست بێت، بۆ نموونە: (شار ـ شێر ـ شیر....) پێڕەوی واتایی زمانیش ڕێگەی ئەم دانە واتاییانە (واتە ئەم مۆرفیمانە) دەدات، کە لە ژمارەیەکی زۆر وشەدا دووبارە ببنەوە تاکو مرۆڤ بتوانێت بەئاسانی لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادە و ئاڵۆز دەرببڕێت، بۆ نموونە لە چاوگی (کردن) دەتوانین ژمارەیەکی یەکجار زۆر وشەی دارێژراو و لێکدراو دروستبکەین وەک ( هەڵکردن، داکردن، کردنەوە، ئیشکردن، نوێژکردن....)٠

## ٢. زمان ڕەمز (هێما)یە:

کە دەڵێن دەنگەکانی زمان (ڕەمزن) مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەم دەنگانە شتێک دەنوێنن، کە خۆیان نین و پەیوەندیی نێوان شتەکە و ئەو دەنگە، کە دەینوێنێت پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر ڕەمز لەئارادا هەیە:

**ئـ ڕەمزی وێنەیی** کە تێیدا پەیوەندی لێکچوون لەنێوان ڕەمزو و واتادا هەیە، وەک: (دەست بردن بۆ دەم) بۆ گەیاندنی (برسێتی)، یان (دەست ڕاوەشاندن) بۆ گەیاندنی (هەڕەشە).

**ب ـ ڕەمزی هۆیی(سەبەبی)** وەک: (زەردهەڵگەڕان) لە (نەخۆشی) یان (ترس) دا و (سووربوونەوە) لە (تووڕەیی)، یان (هەور) وەک نیشانەی (باران).

**پ ـ ڕەمزی لەخۆوە**، کە تێیدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ( ڕەمز) و (واتا) دا نییە، وەک (بڵێسە) یان(مەشخەڵ) بەواتای (خوێندەواری) و (خۆر) بەواتای (ئازادی) و (ڕوناکی) و (سەربەستی).

ڕەمزی لەخۆوە پێویستیی بەلێکدانەوە هەیە و تا تێی نەگەیت، واتاکەی نازانیت، زمانی مرۆڤ بە زۆری ئەم جۆرە ڕەمزە بەکاردێنێت، ڕەمزی لەخۆوە هێزێکی دەربڕینی گەورەیان داوە بە زمان بەجۆرێک لە هیچ پەیوەندییەکی تری لەیەکترگەیشتندا ئەو هێزە نابینرێت.

## ٣. زمان دەنگە:

مەبەست ئەوەیە، کە زمان پێویستیی بە قەناتی دەم و گوێ هەیە و بەلای کەمەوە دەبێت قسەکەرێک و گوێگرێکمان هەبێت، ئەو دوو کەسەکەش دەتوانن دەورەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن بەواتای ئەوەی گوێگر ببێتە قسەکەرو بەپێچەوانەوە. لەسەرێکی تریشەوە زمان دەنگە، چونکە لە نووسین لەپێشترە هەروەک بەڵگەی مێژوویی و ئەو بەڵگانەی لە فێربوونی زماندا دەست کەوتوون، دەریدەخەن، کە (نووسین) زمان نییە، بەڵکو بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داوێتی بۆ پاراستنی (قسە).

### ٤. زمان تایبەتە بە مرۆڤ:

لە دێرترین ڕۆژگارەوە باوەڕ وابووە، کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرەکانی تر جیادەکاتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤ توانستی فێربوونی زمان و قسەکردنی هەیە، بێگومان ئاژەڵ و پەلەوەر و گیانلەبەرانی تر بەگشتی پێڕەوێکیان هەیە، هەرچەندە زۆر سادەش بێت بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەڵام ئەم ( پێڕەوانە) لە چالاکیدا زۆر لە زمان کەمترن و ڕێگەی گیانداران نادەن لە ڕابردوو یان پاشەڕۆژیان بکۆڵنەوە، یان شت لە زمانی تر وەربگرن، لەبەرئەم هۆیانە پێڕەوەکانیان ناچێتە ڕیزی زمان و بەهای زمانیان نادرێتێ.

## پەیدابوونی زمان

کێشەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان هەر لەدێر زەمانەوە سەرنجی فەیلەسووف و زمانەوانانی ڕاکێشاوە، تا ئێستاش زانیاریمان دەربارەی دیاردەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر کەمە و ئەو تیۆرانەی لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو تەنیا بەناو تیۆرن و زۆربەیان بریتین لە بیری سادەی نەسەلمێنراو. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مرۆڤ لە ملیۆنێک ساڵ زیاترە لەسەر ڕووی زەوی دەژی و دەبێت زمانیشیان هەبووبێت، بەڵام لەم بارەیەوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، چونکە نووسین زۆر درەنگ پەیدابووە، بەپێی سەرچاوەکان نزیکەی شەش هەزار ساڵێک دەبێت نووسین داهێنراوە.

لەبارەی پەیدابوونی زمان دوو بۆچوون هەیە:

**یەکەم : بۆچوونی ئایینی:**

بەپێی ئەم بۆچوونە خوا زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە، لە کتێبە ئاینییەکانی وەک (تەورات و ئینجیل و قورئان) ئاماژە بەوە کراوە، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (الرّحْمَنُ ، عَلّمَ الْقُرْآنَ ، خَلَقَ الْإِنْسَانَ ، عَلّمَهُ الْبَيَانَ) (الرحمن ١ – ٤) یان (وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) (البقرە ٣١).

**دووەم : بۆچوونی زانستی:**

ژمارەیەکی زۆر گریمانە دەربارەی پەیدابوونی زمان لە ئارادان، ئێمە لێرەدا بەکورتی هەندێک لەو گریمانانە دەخەینەڕوو:

### ١. گریمانەی دەنگە سروشتییەکان:

ئەم گریمانەیە بۆ یەکەمجار لە سەدەی چوار یان پێنجی پێش زایندا لەلایەن دیموکرەتیس و ئەفلاتونەوە خراوەتەڕوو، لەسەدەی حەڤدە و هەژدەشدا (لایبنز) پشتگیریکردووە، هەروەها لەسەدەی نۆزدەشدا (داروین) (ویتنی) پەسەندیانکرد، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لە لاسایی دەنگە سروشتیەکانی، وەک (گرمە، حەپە، ...هتد) پەیدابووە.

کەموکورتی گریمانەکە لەوەدا دەردەکەوێت، کە بۆچی ئەم وشانە (دەنگە سروشتییەکان) لە هەموو زمانەکاندا وەکو یەک نین و یەک فۆرمیان نییە. بۆچی (حەپە)ی سەگ لە کوردیدا، بووە بە (نباح الكلب) لە عەرەبیدا و (باو) لە یابانیدا؟ یان چۆن مرۆڤ لە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگە سروشتییانەوە گەیشتووە بە قۆناغی بەکارهێنانی ڕەمز؟

### ٢. گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ:

بەپێی ئەم گریمانەیە، کە بۆ یەکەمجار زانای ئەڵمانی (شتاینتال) و دەستەیەک لەڕوناکبیران لەسەدەی نۆزدەدا خستیانەڕوو، زمان لەو دەنگە غەریزیانەوە پەیدابووە، کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی ئازارو پەستی بەکاری هێناوە، بەپێی ئەم گریمانەیە یەکەم گوتن لە زماندا لەشێوەی سەرسوڕماندا بووە.

گریمانەیەکی دیکە هەیە لەم گریمانەیە نزیکە و بە گریمانەی ( دەنگی بە کۆمەڵ ) ناودەبرێت، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەو دەنگە بەکۆمەڵانەوە پەیدابووە، کە مرۆڤ لەکاتی کارکردنی بەکۆمەڵدا دەریانبڕیوە، بۆ نموونە لەکاتی هەڵکەندنی کۆڵکەدارێک، یان لابردنی بەردێکی گەورە....

### ٣. گریمانەی بزاوتن:

لەبەرئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە ئێستاشدا بزاوتن ( ئیشارەت ) لە کردەی زانیاری گەیاندندا دەیبینێت، بۆیە هەندێک توێژەری وەک ( ڤۆنت ) لە ئەڵمانیا و ( مار ) لە یەکێتی سۆڤێتی جاران باوەڕیان وایە، کە لەیەکترگەیشتن لە ناو مرۆڤدا لە بنەڕەتدا لەم جۆرە بزاوتنانە بووە، لەدوایدا گۆڕاوە بۆ زمانی ئاسایی.

هەروەها زانای فەرەنسی ( پیاجییە )ش پێیوایە مرۆڤی سادە لە بنەڕەتدا بەهۆی بزاوتنەوە لە یەکتر گەیشتوون، بەڵام کاتێک مرۆڤ زیرەکی و تەکنیکی بەرەو پێشەوە چووە پێویستی بە بزاوتنی وردتر بووە، جا لەبەرئەوەی دەستیشی بەکارەوە خەریک بووە، ناچاربووە ئەو بزاوتنانە بگۆڕێت بۆ بزاوتنی ماسولکەکانی زمان و لێو و دەم و قوڕگ، پاش ماوەیەک مرۆڤ بەتاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتووە ئەگەر پاڵێک بەو هەوایەوە بنێت، کە بەناو دەم و لوتدا تێدەپەڕێت، بزاوتنەکە دەنگ وەردەگرێت" وەک بە چپە دوان، خۆ ئەگەر لە هەمان کاتیشدا بقیژێنێت" ئەوا دەتوانێت وتنی ئاوازدار دەرکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم تیۆرە زیاتر لەوانەی پێشوو بۆمان دەردەخات، کە زمان چۆن پەیدا بووە، بەڵام گەشە و پەیدابوونی قسەکردن لەباری کۆمەڵایەتی و ژیان جیادەکاتەوە.

### ٤. گریمانەی مۆسیقا:

بەپێی ئەم گریمانەیە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن (یەسپرسن)ەوە خراوەتەڕوو، زمان لە گۆرانییەوە هاتووە یان هەردووکیان لەیەک بنچینەوە دروست بوون، بەباوەڕی (یەسپرسن) زمان لە گەشەکردنیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە، لە قۆناغێکدا زمانی مرۆڤ بریتی بووە لە گۆرانییەکی بێ وشە (هەر ئاوازێک) بوو، کە تەنیا بە مەبەستی هەستدەربڕین بەکارهاتووە و بۆ تێگەیشتنی خەڵکی نەبووە. لە قۆناغێکی دواتردا زمان بریتی بوو، لە وشەی درێژی پڕ لە دەنگی قورس، لەم قۆناغەدا زمانی مرۆڤ بە ئاوازتر بوو لە زمانەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ. کەڵکی ئەم گریمانە لەوەدایە کە کەرەسەی زمانمان بۆ دیاردەکات کە دەنگە، بەڵام هەموو کەموکووڕیی بیرەکانی تری تێدا بەدیدەکرێت.

### ٥. گریمانەی پەیوەندی:

بەپێی ئەم گریمانەیە کە لەم ساڵانەی دواییەدا، لەلایەن (رێڤیز)ەوە خراوەتەڕوو زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروست بووە کە لەمرۆڤدا هەیە" بۆ پەیوەندیکردن، بە باوەڕی (رێڤیز) زمان پێش ئەوەی بگاتە ئەو گەشەیەی ئێستای بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

**لە قۆناغی یەکەمدا (قۆناغی قیژە)،** زمان ئاراستەی دەوروبەر کراوە بۆ تێگەیاندن نەبووە.

**لە قۆناغی دووەمدا (قۆناغی بانگ)،** زمان ئاراستەی کەسانی دەوروبەر کراوە و بەهیوای هێنانە دی ئاوات و ویستی قسەکەران بووە.

**لە قۆناغی سێیەمدا (قۆناغی وشە)،** دەنگەکان وەک ڕەمز بەکارهاتوون و ئەمەش هەر لە توانای مرۆڤدا بەدیدەکرێت، بەپێی ئەم گریمانەیە یەکەم گوتن، لە شێوەی داوا، یان فەرماندان بووە و لە دوایدا شێوەکانی تری وەک (هەوڵدان) و (پرسیارکردن) هاتوونەتە کایەوە. لایەنی چاکەی ئەم گریمانەیە لەوەدایە، کە قۆناغەکانی دروستبوونی زمان شیدەکاتەوە و بەشێویەکی ڕوون و ماقول دەیانخاتە ڕوو، کەموکوریشی لەوەدایە کە.

(١) بۆمان ڕووناناکاتەوە زمانی مرۆڤ چۆن گەیشتۆتە قۆناغی رەمز دەربڕین.

(٢) جەختدەخاتە سەر ئەو غەریزەیەی کە لە مرۆڤدا هەیە" بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکتر تێگەیشتن" پەیدابوونی زمان دەداتە پاڵ ئەم غەریزەیە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە دەوری کاری هەروەزی لەدروستکردنی کۆمەڵ و زماندا.

٦. **گونجانی فسیۆلۆجی** (physiological adaptation:

بەپێی ئەم بۆچوونە مرۆڤ لە ڕووی بایۆلۆجییەوە ئەو توانستەی هەیە، کە قسەبکات و فێری زمان ببێت، بە جۆرێک ئەو توانستە لە گیانلەبەرەکانی دیکەدا نییە، ئەو توانستەی مرۆڤیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ددانەکانی مرۆڤ ڕاست و بچووکن، هەروەها لێوەکانی مرۆڤ لەبارن بۆ درکاندنی دەنگەکانی وەکو ( ف، ڤ، ب، پ، ...)، هەروەها ژێیەکانی قورگی مرۆڤ جیا لە ژێی قورگی گیانلەبەرەکانی دیکە شێوەیەکی ستوونییان هەیە، وەکو شێوەی لەشی مرۆڤ، دیارە ئەم بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونە ئاینییەکە **(لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ) (التين ٤)** یەکدەگرێتەوە، هەروەها لەگەڵ بۆچونەکەی چۆمسکیش کە دەڵێ تەنها مرۆڤ توانستی ئەوەی هەیە قسەبکات و فێری زمان ببێت .

**بۆچی گریمانەکان نەبوون بە بیردۆز؟**

١. هۆکاری سەرەکیی لێڵی و ناڕوونیی دەربارەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان لە سەرەتاوە، ئەوەیە کە سەرەتا زمان پەیدا بووە، هیچ وەسیلە و ئامێرێک نەبووە، تا زمانە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە تۆماربکات. ئەو کاتە نە نووسین و نە تۆماری دەنگی و نە ڤیدیۆیی نەبوونە، بۆیە چۆنیەتی سەرەتای پەیدابوونی زمان ڕوون نییە و هەر بە گریمانەیی دەمێنێتەوە.

٢. هەروەها زمان دیاردەیەکی نامادديە، ئەگەر زمان ماددی بوایە، دەکرا ئێستا وەک کەرەستەکانی شوێنەوار بە شیکردنەوەی زانستیی تاقیگەکان، مێژووەکە و شێوە سەرەتاییەکەیمان بۆ دەربکەوتایە.

**ئەرکەکانی زمان :**

مەبەست لە ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لە کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات، ئەم کارانە هێندە زۆر و ئاڵۆز و وردن، هەروا بە ئاسانی پۆلێن ناکرێن و جیاناکرێنەوە. ( محمد مەعروف فەتاح) بەم جۆرە ئەرکەکانی زمانی دیاریکردووە.

١. **زانیاری و هەواڵگەیاندن:**

زانیاری یان هەواڵ گەیاندن بە ئەرکێکی هەرە سەرەکیی زمان دەژمێردرێت و ئەو بەکارهێنانەی زمان دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ لەدەوروبەری خۆی و دیاردەکانی دەوروپشتی دەدوێت، هەواڵگەیاندن پەیوەندیی بە(زانین) و هۆشی مرۆڤەوە هەیە، ئەو زانیارییە یان هەواڵەی کە قسەکەر دەیگەیەنێت لەوانەیە ڕاست بێت.:

١.هەنگوین شیرینە.

لەوانەشە زانیارییەکە ڕاست نەبێت.

٢. بەیانی باران دەبارێت.

لە کۆتایی ئەم جۆرە ڕستانەدا، کە بە ( ڕستەی هەواڵگەیاندن ) ناودەبرێن، خاڵێک (. ) دادەنرێت.

**٢. پرسیارکردن:**

مەبەست لە پرسیارکردن دەستخستنی زانیارییە، بەواتای ئەوەی بەهۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر دەیەوێ کەلێنێک یان چەند کەلێنێک لە زانیاری خۆی بەرانبەر دیاردەیەک پڕبکاتەوە، لەمەدا پرسیارکردن پێچەوانەی هەواڵگەیاندن دەوەستێ، چونکە ڕستەی هەواڵگەیاندن زانیاری دەگەیەنێت و سەرچاوەی زانیارییەکەش قسەکەرە، کەچی لە ڕستەی پرسیاردا گوێگر سەرچاوەی زانیارییە، هەروەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت.

کەی لەدایک بوویت ؟

دیارە ڕستەی پرسیار پێویستیی بە وەڵامدانەوە هەیە، واتە گوێگر دەبێت وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. لە کۆتایی ڕستەی پرسیاردا، نیشانەی پرسیار ( ؟ ) دادەنرێت.

**٣. هەست دەربڕین:**

زمان ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤ، قسەکەر لە ڕێگای ڕستەی سەرسوڕمانەوە هەستی خۆی دەردەبڕێت، ڕستەی سەرسوڕمان بە دوو شێواز بەکاردێت:

شێوازی یەکەم: بۆ دەربڕینی خۆشییە و قسەکەر هەستی خۆشی خۆی بەرانبەر بە دەوروبەرەکەی دەردەبڕێت، لەم جۆرە ڕستانەدا وشەکانی وەکو ( هەربژی، ئافەرین، ئۆخەی، ...) بەکاردێت:

( ٤ ) ئۆخەی ! لە ژێردەستی ڕزگاربووین .

شێوازی دووەم: بۆ دەربڕینی ناخۆشییە و قسەکەر دڵتەنگی خۆی بەرانبەر بە دەوروبەرەکەی دەردەبڕێت، لەم حاڵەتەشدا وشەکانی وەکو ( ئاخ، ئۆف، پەکو، ...) بەکاردێت.

( ٥ ) ئاخ! لەدەست تۆ.

لەکۆتایی ڕستەی سەرسوڕماندا نیشانەی سەرسوڕمان ( ! ) دادەنرێت.

### ٤. هەست ورووژاندن:

مەبەست لە هەست ورووژاندن ئەوەیە، کە قسەکەر هەستی کەسێک، یان چەند کەسێک بورووژێنێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان لە نوکتە گێڕانەوە و پڕوپاگەندەدا دەردەکەون، هەروەها سیاسەتمەداران بە مەبەستی هاندانی خەڵک و ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی لە وتارە سیاسییەکانیاندا بەکاری دەهێنن، هەروەها پیاوانی ئایینی بەمەبەستی ورووژاندنی هەستی خەڵک و پابەندبوونیان بە ئاین و ئەنجامدانی کاری باش و دوورکەوتنەوە لە کاری خراپ، بەکاری دەهێنن.

هەست دەربڕین و هەست ورووژاندن پێچەوانەی یەکترن، چونکە لە هەست دەربڕیندا قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام لە هەست ورووژاندندا قسەکەر دەبێتە هۆی ورووژاندنی هەستی گوێگر.

### ٥. فەرماندان:

مەبەست لە فەرماندان ئەوەیە، کە قسەکەر (واتە کەسی یەکەم) داوا لە گوێگر (واتە کەسی دووەم) دەکات، کە کارێک ئەنجام بدات، یان ئەنجامی نەدات، وەک:

( ٦ ) نانەکەت بخۆ.

### ٦.ڕاپەڕاندن:

مەبەست لە ڕاپەڕاندن ئەوەیە، کە قسەکەر خۆی کاریک ڕادەپەڕێنێت، یان ئەنجامی دەدات، وەک:

( ٧ ) بەڵێن دەدەم یارمەتیت بدەم.


### ٧.جێخۆشکردن:

زمان ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ جێخۆشکردن و بەهێزکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، ئەم ئەرکە زیاتر لەو گوتنانەدا دەردەکەوێ کە ڕۆژانە بەسەر زاری قسەکەرانەوەیە بۆ مەبەستی دواندنی یەکتری و سڵاوکردن و هەواڵپرسین و چاکوچۆنی و ...هتد، وەک:

- چۆنی؟
- شەوباش.

شایەنی تێبینییە کە لە هەرپارچە گوتنێک یان نووسینێک وردبینەوە دەبینین زیاتر لەئەرکێک پیشان دەدات، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت وتارێکی ئایینی شیبکەینەوە، دەبینین لە هەموو جۆرە ڕستەیەکدا

یان گوتنێکی تێدەکەوێت. هەندێ لەم گوتنانە هەواڵگەیەنن ( وەک ئەوانەی کە ڕاستی ڕووداوە ئایینیەکان دەگەیەنن )، هەندێکی تریان پرسیار و فەرمانن، یان هەندێ گوتنی لەوانەیە هەستی قسەکەر دەرببڕێت، یان گوێگران بوروژێنی، تەنانەت لە وتاری وادا جێگەی گوتنی کۆمەڵایەتیش دەبێتەوە وەک لەو کاتانەدا کە خاوەن وتار بەگوێگرەکانیدا هەڵدەدا و ستایشی ڕەوشتیان دەکات.




**فۆنەتیک:**

بریتییە لەو زانستەی لە سازگە و تایبەتمەندییەکانی دەنگ دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە لە چۆنیەتی دروستبوونی دەنگەکان و شوێنی دروستبوون و جۆری دەنگەکان دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی بزوێن و نەبزوێن و گڕی و کپی و لایەنەکانی دیکەی وەک دەنگی قورگی و پووکی و لووتی و لێوی و گڤۆک و...هتد. ئەم زانستە لە فیزیا نزیکترە، تا لە زمان. لەبەرئەوەی باسی دروستبوونی دەنگ دەکات، هەر لەو کاتەی هەوا لە سییەکانەوە دێتە نێو قوڕگ و تا هەواکە دەگۆڕێت بۆ دەنگ و تا لە دەم و لووت دێتە دەرەوە. ئەم زانستە لەنێوان هەموو زمانەکانی جیهاندا هاوبەشە و گشتییە. بۆ نموونە دەنگی (م) لە هەموو زمانەکان لە ڕووی فیزیکی و فەسلەجییەوە بە هەمان شێوە دروست دەبن.

**فۆنۆلۆژی:**

ئەم زانستە لە یاساکانی گۆڕان و تێچوون و یەکگرتنی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە. یاسا و دەرەنجامەکانی ئەم زانستە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە دەشێت گۆڕانی جۆرە دەنگێک لە ژینگەیەکی زمانێکی دیاریکراو بخاتەڕوو، لەم ڕووەوە یاسایەک بەرهەمبهێنێت، بەڵام لە زمانێکی دیکەدا هەمان دەنگ لە هەمان ژینگەی زمانی ئەو گۆڕانەی بەسەردا نەیەت و یاسایەکی نوێ پێکنەیێت. ئەم زانستە هەموو گۆڕانکارییە دەنگییەکان بە تێچوون و چوونەپاڵ و یەکگرتنی دەنگەکان لەخۆدەگرێت و هۆکارەکانیش ڕووندەکاتەوە، جا هۆکارەکە  بزوێن و نەبزوێن یان گڕی و

کپی یان هەر تایبەتمەندییەکی تر بێت. هەروەها ئەم زانستە بەپێی یاسای (جوتۆکە) فۆنیمەکان و ئەلۆفۆنەکانی زمانێکی دیاریکراویش دەستنیشان دەکات.

**مۆرفۆلۆژی (وشەسازی):**

بریتییە لەو یاسایەی لە گۆڕان و چۆنیەتی دروستبوونی وشە دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە لە هەموو ئەو گۆڕانکاریانە دەکۆڵێتەوە، بەسەر وشەدا دێنت، جا ئەو گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی بەشەئاخاوتن یان تەنها گۆڕانی واتا. هەروەها لە هەموو پێکهاتەکانی بەشە ئاخاوتن و پێشگر و ناوگر و پاشگر و مۆرفێم دەکۆڵێتەوە. هەموو وشەکان بۆ سادە و داڕێژراو و لێکدراو دابەش دەکات.

**سینتاکس (ڕستەسازی):**

بریتییە لەو یاسایانەی لە چۆنیەتی ڕیزبوون و ڕێکخستنی وشە لە چوارچێوەی ڕستەدا دەکۆڵێتەوە. وەک بە ناوەکەی دیارە، ئەم زانستە لە چوارچێوەی ڕستە لە وشەکان دەکۆڵێتەوە و ئەرکە شیکاریی و ڕێزمانییەکەیان دەردەخا، کە ئەو وشانە دەبنە کەرەستەی ڕستە یان گرێ. واتە پەیوەندی بەو وشانەوە نییە، کە هێشتا لە ڕستەدا بەکار نەهاتوون. ئەم زانستە یاسای پێکهاتنی ڕستە و جۆرەکانی ڕستە و گرێ و جۆرەکانی گرێ دیاری دەکا.

**سیمانتیک:**

ئەو زانستەیە لە واتای ڕاستەوخۆ و فەرهەنگی (قاموس) وشە دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە گرنکی بە واتای ئاسایی و فەرهەنگی وشە دەدات و پەیوەندیی بە واتای ڕەوانبێژی پلارئامێز و ئیدیەم و مەبەستە دوور و شاراوەکان و واتای ڕەمزییەوە نییە. بۆ نموونە لەم زانستەدا وشەی "دەستپیس"  بە واتای (دەستێکی چڵکن) دێ.

**پراگماتیک:**

ئەو زانستەیە لەو واتا خوازەیی و ناڕاستەوخۆ دەکۆڵێتەوە، کە بە گوێرەی ژینگەی ئاخاوتن و مەبەستی قسەکەر دێتەکایەوە. ئەم زانستە پێچەوانەی "سیمانتیک" گرنگی بە واتا ئاسایی و فەرهەنگییەکان نادات، بەڵکو گرنگی بە لێکدانەوەی واتای ڕەوانبێژی و ئیدیەم و پەند و پلارئامێز دەدات. هەمیشە ئەو واتایانە لێکدەداتەوە، کە واتایەکی ڕاستەوخۆ نین و دەکەونە پشت واتا ڕاستەوخۆکانەوە. بۆ نموونە هەمان وشەی "دەستپیس" لە پڕاگماتیکی زمانی کوردیدا بە واتای (نائەمین و دز و ئەو سیفەتانە) دێت. هەروەها

ئەگەر دوو کەس لەسەر خوانێک بن و ڕێزیکی زۆریان لە نێواندا هەبێ، یەکێکیان بڵێ "بێزەحمەت دەستت دەگاتە ئەو کەوچکە!". ئەم ڕستەیە واتا و بەکارهێنانێکی پراگماتیکییانەی هەیە، چونکە لێرەدا واتا ناڕاستەوخۆکە مەبەستە، کە مەبەست لێی "ئەو کەوچکەم بدێ". نەوەک واتا ڕاستەوخۆکە مەبەست بێ، کە واتا ڕاستەوخۆکە ئەمەیە "ئایا تۆ دەستت هێندە درێژە، کە بگاتە ئەو کەوچکە؟".

## زمانی کوردی

نەتەوە لەسەر چەند کۆڵەگەیەک ڕادەوەستێت، یەکێک لەو کۆڵەگانە زمانە. مێژوونووسی فەرەنسی (فێرمان برادیل) زمانی یەکسان کردووە بە نەتەوە، ئەگەر تێڕوانینی ئەوروپاییەک بۆ زمان بەم جۆرە بێ، ئەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەوڵەتان بەتایبەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەر حاشالێکردنی نەتەوەکانی دیکەی وەکو کورد بنیادناوە، دەبێت زمان بۆ کورد چەند گرنگ بێت؟

(میللیر) لەبارەی زمانی دایک دەڵێت: ئەگەر نەتەوەیەک بن دەست کرابێت، بەڵام زمانی خۆی بپارێزێت، ئەوا وەک بەندییەک وایە، کە کلیلی بەندیخانەی لە دەست بێت. زمان ڕۆحی نەتەوەیە و پاراستنی زمانی دایک پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە. هەر لەبەر ئەو گرنگییەی زمانە دەبینین دەوڵەتان و نەتەوەکان گرنگیی زۆر بە زمانەکانیان دەدەن و بە بەردەوامیی خزمەتیاندەکەن و هەوڵدەدەن ئاریشەکانی چارەسەربکەن. پێویستە ئێمەی کوردیش خزمەتی زمانەکەمان بکەین و ئاریشەکانی چارەسەربکەین.

زمانی کوردی لقێکە لە خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپایی، بە هۆی بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتنی ئەم خێزانە زمانە لە هیندستان تا ئەوروپا، بە خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپایی ناسراوە. هیندۆ ئەوروپاییە دێرینەکان پێش بڵاوبوونەوەیان چەند هۆزێک بوون و زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ئەم زمانە پێی دەگوترێ زمانی هیندۆ ئەوروپایی دێرین.

هیندۆ ئەوروپاییە دێرینەکان لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین ژیاون، دواتر لەبەر گەلێک هۆکار بە سێ ئاراستەی جیاواز کۆچیان کردووە، بەشێکیان بەرەو کەناری دانوب و نیمچە دورگەی بەڵقان کۆچیان کردووە، بەشێکی تریان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کۆچیان کردووە و گەیشتوونەتە هیندستان، بەشەکەی تریان لە ئاسیای بچووک و چیاکانی زاگرۆس و ئێران بڵاوبوونەتەوە. ڕەچەڵکی کورد بۆ ئەم بەشەی دوایی دەگەڕێتەوە. هیندۆ ئەوروپاییە دێرینەکان زمانێکیان هەبووە، قسەیان پێکردووە، بەڵام پاش جیابوونەوەی هەندێک لە تیرەکانی ئەم هۆزانە و بڵاوبوونەوەیان لەناو دۆڵ و شاخەکانی ئاسیا و ئەوروپا، واتە هۆکاری جوگرافی وایکردووە ئەم تیرانە لەیەک داببڕێن و زمانەکەیان گۆڕانی بەسەردا بێت و بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاون وشەی نوێیان داهێناوە، بەجۆرێک ئەوانەی کە لە هیندستان ژیاون، ئاگایان لە زمانی ئەوانە نەماوە کە لە ناوچەکانی دیکەی ئاسیا و ئەوروپا نیشتەجێ بوون، بەڵام پاش ئەم مێژووە دوور و درێژە، هێشتا زۆر وشەی

هاوبەش هەیە و لە زۆربەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکاندا بەکاردێت، بۆ نموونە ژمارەکانی وەک: ( دوو، سێ، نۆ ).

**دیالێکتەکانی زمانی کوردی:**

زمانەوانان و توێژەرانی کورد بە چەند شێوەیەک باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردییان کردووە. دابەشکردنەکەی ( فوئاد حەمە خورشید ) کە دابەشکردنێکی جوگرافییە بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە:

**١ ـ دیالێکتی کرمانجی ژووروو:**

زۆربەی کورد قسەی پێدەکەن لەوانەش کوردەکانی باکووری کوردستان و کوردانی ڕوسیا و ئەرمینیا و ئازەربایجان و جۆرجیا و کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و بەشێک لە کوردەکانی باشووری کوردستان.

**شێوەزارەکانی دیالێکتی کرمانجی ژووروو.**

- بایەزیدی: لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان.
- هەکاری: باشوور و باشووری دەریاچەی وان
- بۆتانی: ناوچەی بۆتان، سعرەت، جەزیرە، دیاربەکر.
- شەمزینانی.
- بادینانی: دهۆک، زێبار، ئامێدی، سنجار.
- شێوەزاری ڕۆژئاوا: خەرپوت، ئورفە، عەفرین، مەرعەش.

**٢ ـ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:**

زۆربەی کوردانی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم دیالێکتە قسەدەکەن.

**شێوەزارەکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست.**

- سۆرانی: ناوچەی هەولێر و دەوروبەری.
- سلێمانی: سلێمانی و دەوروبەری.

•گەرمیانی: ناوچەکانی کەرکوک و کفری و کەلار و ....هتد دەگرێتەوە.

•موکریانی: ناوچەکانی شنۆ و سەقز و بۆکان و بانە و سەردەشت....

•ئەردەلانی: سنە، بیجار، ڕوانسەر، باکووری ناوچەی جوانڕۆ.

**٣. دیالێکتی کرمانجی باشوور:**

ئەم دیالێکتەی زمانی کوردی بەدرێژایی ڕێگای نێوان قەسری شیرن و کرماشان و مەلایەر لە باکوور بڵاوبوونەتەوە تاکو دەوروبەری باکووری ڕۆژهەڵاتی کەنداوی عەرەبی لە باشوور، هەندێ سەرچاوە ئەم دیالێکتەیان بە دیالێکتی لوڕ ناوبردووە.

**شێوەزارەکانی دیالێکتەکانی کرمانجی باشوور.**

( لوڕی، لەکی، کەلهوڕی، بەختیاری، مامەسێنی و کوهگولی ).

**٤. دیالێکتی گۆران:**

ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتەی زمانی کوردی پەرت و بڵاون و لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە.

**شێوەزارەکانی دیالێکتی گۆران:**

•گۆرانی ڕەسەن: کوردەکانی ناوچەی کرند و زەهاو و جوانڕۆ قسەی پێدەکەن، هەروەها هەندێ لە کاکەییەکانی داقوق و خێڵەکانی زەنگەنە لە نزیک کفری قسەی پێ دەکەن.

•هەورامی: دانیشتوانی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان قسەی پێدەکەن، هەورامییەکان دەبن بە دوو بەش:

ئـ ـ هەورامانی لهۆن: لە ڕۆژئاوای شاخەکانی هەورامان لە باشووری کوردستان نیشتەجێن.

ب ـ هەورامانی تەخت: لە ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن.

•باجەلانی: ئەمانە پەرت و بڵاون هەندێکیان ( شەبەک ) لە ڕۆژهەڵاتی ( موسڵ ) دەژین، هەروەها لە زەهاو و باکووری لوڕستان و نزیک خانەقین و قۆرەتو و هۆرین و ناحیەی مەیدان قسەی پێدەکەن.

•زازایی: ئەمانە لقێکن لە دیالێکتی گۆرانی، بەڵام جێی سەرسوڕمانە کە شوێنی نیشتەجێبوونیان زۆر دوورە لە ناوچەی گۆران و دەکەوێتە نێوان ئەرزەڕوم و موش و خەرپوت و ئەرزنجان لە ناوچەی دەرسیم.

**هۆکارەکانی فرە دیالێکتیی زمانی کوردی**

دیارە زۆر هۆکار هەن بۆ فرە دیالێکتی زمانی کوردی، بەڵام دوو هۆکاری سەرەکیی گرنگ هەیە کە ئەمانەن

1. **هۆکاری جوگرافی:**

هەلومەرجی خۆرسکی خاکی کوردستان و چیای سەخت و پێچ و پەنای گرانبڕ و شاخ و دۆڵی هەرزاربەهەزار و نەبوونی ڕێگاوبان و هەوراز و لێژی زۆر و ڕوباری بەخوڕ و سەرماوسۆڵەی سەختی زستان، هەموو ئەمانە تێکەڵبوونی نێوان هۆزەکانی کەمکردۆتەوە، بەتایبەتییش لە چەرخەکانی کۆن و ناوەڕاستدا دانیشتووانی کوردستان بەشێوەیەک لە یەکدابڕاون کە هیچ بواری لەیەکتر فێربوون و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ڕۆشنبیریان لەنێواندا نەبووە. ئەم لەیەک دابڕانە وردە وردە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو جیاوازییانەی نێوان دیالێکتەکان ڕەگ دابکوتن.

بەڵام لە سەرێکی ترەوە ئەم گۆشەگیرییە جوگرافییە سودیشی هەبوو، چونکە زمانی کوردی پاراستووە و نەیهێشتووە زمانەکانی بێگانە کاری تێبکەن و بیشێوێنن، بۆیە خاوێنی خۆی لەدست نەداوە و بووە بە یەکێک لە زمانە ئارییە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێوەیەک تا ئەمڕۆش هەندێک وشە و دەربڕینی ئاری کۆن بەکاردەهێنێت" کە زمانی فارسی زۆر دەمێکە دەستی لێ هەڵگرتوون.

2. **هۆکاری سیاسی:**

لەبەرئەوەی کوردستان یەکێتی و قەوارەیەکی سیاسیی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، کە هەموو ناوچە و هەرێمەکان لەخۆبگرێت، بۆیە نەیتوانیوە کەلەپوورێکی وێژەیی هاوبەش و گشتی بۆ برەخسێت. هەرچەندە هەندێک دەوڵەتۆکە و میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا سەریانهەڵداوە" بەتایبەتی لە سەردەمی ئیسلام ، بەڵام نەیانتوانیوە زمانێکی کوردی یەکگرتوو بهێننە ئاراوە، چونکە هەریەک لەم میرنشینانە زیاتر بایەخیان بە دیالێکتی ناوچەکانی خۆیان داوە و بە نەمانی دەستەڵاتەکەیان، دیالێکتەکەشیان بە تەواوی نەچەسپیوە و لە سنوورەکەی خۆیان ماوەتەوە.

**ئەلفبێی کوردی:**

دیارە بارودۆخی تایبەتی کورد و دابەشبوونی کوردستان بەبێ ویستی کورد بەسەر چوار پارچە و لکاندنی هەر پارچەیەک بە دەوڵەتێکی ترەوە وای کردووە کورد چەند ئەلفبێیەکی هەبێت وەک ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی و ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی. هەردوو ئەلفوبێیەکە هەندێک کێشەیان تێدایە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ئەلفبێی زمانەکانی دیکەی وەک فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی ... هتد،

کەمترین کێشەی هەیە. لە ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی هەندێک کێشە چارەسەر کراون وەکو کێشەی بزرۆکە(i) و (و – ی) بزوێن و نەبزوێن.

ئەلفبێی کوردی بەپیتی عەرەبی لە کوردستانی باشووردا پێیدەنووسرێت و بەرهەمێکی یەکجار زۆری پێ چاپکراوە، زمانەوانان و ڕێزماننووسانی کورد توانیویانە تا ڕادەیەکی باش ئەم ئەلفبێیە لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێنن و لەسەر بنەمای فۆنیمەکانی کوردی پیتەکانیان دیاریکردووە، جگە لە فۆنیمی بزرۆکە (i) پیتی بۆ دانەنراوە.

هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە بەکارهێنانی دوو ئەلفبێ بۆ زمانێک کارێکی باش نییە، چونکە جیاوازی زمانی دروستدەکات، هەنگاونان بۆ یەکخستنی هەردوو ئەلفوبێیەکە کارێکی پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی لێک نزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی و زەمینەش خۆشدەکات بۆ دروستبوونی زمانی ستاندەری کوردی بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستادا یەکخستنی هەردوو ئەلفوبێیەکە کارێکی ئاسان نییە .

لەبارەی ئەلفبێوە پێویستە دوو کێشە لە یەک جیابکەینەوە، ئەویش کێشەی ئەلفبێ و کێشەی ڕێنووسە. کێشەی ئێمە زیاتر کێشەی ڕێنووسە، چونکە ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نییە تاکو هەموو کورد پەیڕەوی بکەن، دیارە ئەمە کاری ئەکادیمیای کوردییە و پێویستە یەکلایی بکاتەوە.

**پیتە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی:**

| ز | ئەلفبێی کوردی | نموونە | ئەلفبێی لاتینی | نموونە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئـ (هەمزە) | ئازاد | ....... | Azad |
| ٢ | ب | بەرهەم | B b | Berhem |
| ٣ | پ | پەپوولە | P p | Pepûle |
| ٤ | ت | تارا | T t | Tara |
| ٥ | ج | جوود | C c | Cûd |
| ٦ | چ | چرا | Ç ç | Çira |
| ٧ | ح | حەوت | Ĥ ĥ | Ĥewt |
| ٨ | خ | خۆر | X x | Xor |
| ٩ | د | دارەوان | D d | Darewan |
| ١٠ | ر | برین | R r | Birîn |
| ١١ | ڕ | بڕین | Ȓ ȓ | Biȓîn |
| ١٢ | ز | زەماوەند | Z z | Zemawend |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Jale | J j | ژاڵە | ژ | ١٣ |
| Serseng | S s | سەرسەنگ | س | ١٤ |
| Şêrzad | Ş ş | شێرزاد | ش | ١٥ |
| Elî | E e | عەلی | ع | ١٦ |
| Xembar | X x | غەمبار | غ | ١٧ |
| Firyad | F f | فریاد | ف | ١٨ |
| Govend | V v | گۆڤەند | ڤ | ١٩ |
| Qumrî | Q q | قومری | ق | ٢٠ |
| Kerkûk | K k | کەرکووک | ک | ٢١ |
| GuÎebax | G g | گوڵەباخ | گ | ٢٢ |
| Çil | L l | چل | ل | ٢٣ |
| ÇiÎ | L^ Î | چڵ | ڵ | ٢٤ |
| Mamend | M m | مامەند | م | ٢٥ |
| Nazenîn | N n | نازەنین | ن | ٢٦ |
| Hewraman | H h | هەورامان | هـ | ٢٧ |
| Wenewşe | W w | وەنەوشە | و | ٢٨ |
| Yara | Y y | یارا | ي | ٢٩ |

**پیتە بزوێنەکانی زمانی کوردی**

| نموونە | ئەلفبێی لاتینی | نموونە | کوردی | ژ |
|---|---|---|---|---|
| **Dara** | **A a** | **دارا** | **ا** | ١ |
| Jîn | Î î | ژین | ي | ٢ |
| **Hawrê** | **Ê ê** | هاوڕێ | **ێ** | ٣ |
| **Kurdistan** | **U u** | **کوردستان** | **و** | ٤ |
| **Dûr** | **Û û** | **دوور** | **وو** | ٥ |
| **Zanko** | **O o** | **زانکۆ** | **ۆ** | ٦ |
| **Helebce** | **E e** | **هەڵەبجە** | **ە** | ٧ |
| **Jin** | **I i** | **ژن** | **بزرۆکە (i)** | ٨ |

**چەند تێبینییەک لەبارەی ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی:**

١ ـ ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی هەمان یاسای ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی هەیە، وەک: نووسین لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاستە، ناو بە کەپیتاڵ دەنووسرێت، ڕستە بە کەپیتاڵ دەست پێدەکات.

٢ ـ لەبەرئەوەی هەمزە( ئـ ) لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە، بۆیە لە ڕێنووسی لاتینیدا پیتی بۆ دانەنراوە، ئەم دەنگە (پیتە) دەکەوێتە پێش ئەو بزوێنانەی کە لە سەرەتای بڕگە و وشە دێن، وەک:

ئازاد : Azad          ئێوە : Êwe

٣ ـ لەبەرئەوەی ( ع ) لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە، بۆیە لە ڕێنووسی لاتینیدا پیتی بۆ دانەنراوە، ئەو وشانەی کە دەنگی( ع )یان تێدایە و لە زمانی کوردیدا بەکاردێن لە بنەڕەتدا کوردی نین، بۆ نووسینی ئەو وشانەی کە ( ع ) یان تێدایە وەک زمانی ئینگلیزی، هەمیشە ئەو بزوێنەی کە لە دوایەوە دێت حوکم بەسەر شێوەی نووسینەکەیدا دەدات وەک لە خوارەوەدا ڕوونیدەکەینەوە:

- لە سەرەتای وشەدا:

  - ئەگەر (ع) بزوێنی درێژی (ا)ی بەدوادا هات ئەوا لە ڕێنووسی لاتینییدا بە (A) دەنووسرێت. وەکو (عادل: Adil).
  - ئەگەر (ع) بزوێنی کورتی (ە)ی بەدوادا هات ئەوا لە ڕێنووسی لاتینییدا بە (E) دەنووسرێت. وەکو: (عەلی : Elî).
  - ئەگەر (ع) بزوێنی (ۆ)ی بەدوادا هات ئەوا لە ڕێنووسی لاتینییدا بە (O) دەنووسرێت. وەکو: (ئۆمەر: Omer).
  - ئەگەر (ع) بزوێنی کورتی (و)ی بەدوادا هات ئەوا لە ڕێنووسی لاتینییدا بە (**U**) دەنووسرێت. وەکو: (عوسمان: Usman).
  - ئەگەر (ع) بزوێنی درێژی (ي)ی بەدوادا هات ئەوا لە ڕێنووسی لاتینییدا بە (Î) دەنووسرێت. وەکو: (عیدان: Îdan).
  - ئەگەر (ع) بزوێنی کورتی (ي)ی بەدوادا هات ئەوا لە ڕێنووسی لاتینییدا بە (I) دەنووسرێت. وەکو: (عیماد: Imad).

- لە ناوەڕاستی وشەدا ( ع ) نانووسرێ و لە جیاتی وێرگوڵێک (کۆمایەک )ی ئینگلیزی لە شوێنەکەی دادەنرێت، وەک: سەعات : Se'at

- لە کۆتایی وشەشدا ( ع ) نانووسرێ و لە شوێنی وێرگوڵێک دادەنرێت، وەک:

سەریع : Serî'

٤ـ لە ئەلفبێی لاتینییدا ( و ) و ( ی ) بزوێن و نەبزوێن لێک جیاکراونەتەوە و پیتی جیاوازیان بۆ دانراوە:

( و )ی بزوێن بە ( u ) دەنووسرێ، بەڵام ( و )ی نەبزوێن بە ( w ) دەنووسرێ، وەک:

کورد : Kurd          سەوزە : Sewze

( ی )ی بزوێن بە ( i ) دەنووسرێ، بەڵام ( ی ) نەبزوێن بە ( y ) دەنووسرێ، وەک:

دیاری : Dyari

لەو حاڵەتانەی کە لە تەنیشت ( و ) و ( ی ) بزوێنێکی تر دێ، ئەوا ( و ) و ( ی ) ( و ) و ( ی ) دەبن بە نەبزوێن، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن لەتەک یەک نایەن.

٥. لە ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینیی، هەر دەنگێک پیتی تایبەتی خۆی بۆ دانراوە. واتە وەکو ڕێنووسی ئینگلیزی نییە کە هەندێ جار دەنگ هەیە پیتی تایبەت بە خۆی بۆ دانراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە لێکدانی دووپیتی تریش ئەو دەنگە دەنوێنرێت. بۆ نموونە دەنگی (ف) لە زمانی ئینگلیزی پیتی (F)ی بۆ دانراوە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕێگای چوونە پاڵ یەکی هەردوو پیتی (PH) دەنوێنرێت وەکو وشەی (Photo). یان دەنگ هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا پیتی بۆ دانەنراوە و بە لێکدانی دوو پیتی تر دەنوێنرێن وەکو دەنگی (ث ، ذ) کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە هەردوو پیتی (TH) دەنوێنرێن، وەکو (The, Three).

## ئەدەب

### ١. پێناسەی ئەدەب:

سەبارەت بە پێناسەیەکی دیاریکراو و نەگۆڕ بۆ ئەدەب، تا ئێستا ئەدیبان نەیانتوانیوە لەسەر پێناسەیەک ڕێکبکەون، چونکە ئەدەب پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەژیانەوە هەیە، ژیانیش بەتێپەڕبوونی کات لە گۆڕاندایە، هەر بۆیەش پێناسەکانیش لە گۆڕاندان، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە جۆراوجۆری پێناسەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکێکیان لەڕووی ڕوخسارەوە دەڕوانێتە ئەدەب و یەکێکی تریش لە ڕوانگەی ناوەرۆک و مەبەستەوە دەڕوانێتە ئەدەب. لەخوارەوە هەندێ پێناسەی جۆراوجۆر دەخەینە ڕوو:

-ئەمرسن دەڵێ: (ئەدەب تۆماری بیری پەسندە).

-ئەدەب یەکێکە لەهونەرە جوانەکان، وەک نیگارکێشان و وێنە و مۆسیقا و بیناسازی ...تاد وایە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ هەموو ئەو هونەرانەی تر لە کەرەسەکەیەتی ، کەرەسەی مۆسیقا (دەنگ)ە، کەرەسەی نیگار (بۆیە)یە، کەرەسەی بینا ئەو دار و بەرد و شتانەی ترە کە بینایان پێ دروست دەکرێت، کەرەسەی ئەدەبیش (وشە)یە.

- ئەدەب ئاوێنەی داکەوتەیە (واقیعە)، بەواتایەکی تر بریتییە لە ڕەنگدانەوەی باری ژیانی کۆمەڵگا لە هەموو لایەنەکانی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری و دەروونی و ڕۆشنبیری.

- ئەدەب بریتییە لەهونەری وشە، نووسراو بێت یاخود نەنووسراو کە پەیوەندی بە بەرهەمی خولقێنەری سەرزارییەوە هەیە کە فۆلکلۆرە.

- گۆرگی دەڵێت: ئەدەب زانستی ناسینی مرۆڤە.

### ٢. جۆرەکانی ئەدەب:

**<u>یەکەم: ئەدەبی نووسراو</u>**: ئەو ئەدەبەیە" کە لە ڕێگای نووسین و چاپەوە بڵاوکراوەتەوە و ئەدەبێکی تا ڕادەیەک بەرزە و خاوەنەکەی دیارە.

**<u>دووەم: ئەدەبی سەرزاری (فۆلکلۆر):</u>** فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە، لە وشەی (فۆلک) و (لۆر) پێکهاتووە. کە بە واتای پەند یان چیرۆکی خەڵک دێت.  ئەدەبی فۆلکلۆر بە هەموو کەلەپوور و سامانی کۆن دەگوترێت، کە بەدرێژایی مێژوو داهێنراوە، کە بەرهەمی خەڵکە و ماونەتەوە، وەک پاشماوەی جلوبەرگ و ڕایەخ و شتومەک کە داهێنانی باوک و باپیرانمانە، ئەدەبی سەرزاریش بەشێکە لە فۆلکلۆر کە دەماودەم و پشتاوپشت لە باوک و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە. یەکەم شێوەی ئەدەبە و لەگەڵ

پەیدابوونی ئادەمیزاد سەریهەڵداوە، بەرهەمی چینی نەخوێندەوارە و خاوەنەکەی ناناسرێت پشتاوپشت گێڕدراوەتەوە و لە خزمەتی گەلە و بۆ گەلیش وتراوە.

**ئـ- تایبەتییەکانی ئەدەبی سەرزرای (فۆلکلۆر):**

- سادە و ساکارە.
- شەقڵی سەردەمی پێوە دیارە.
- خاوەنەکەی دیار نییە.
- هونەری گوتنی ڕاستەوخۆیە.
- هونەرێکی ڕەسەن و کۆنە و بەندە بە نەریت و خووی کۆمەڵایەتییەوە.
- سیمای هەرەوەزی پێوە دیارە.

**ب- بەشەکانی ئەدەبی سەرزاری (فۆلکلۆر):**

- ئەفسانە
- داستان (قارەمانییەتی و دڵداری)
- سەرگوزشتە و چیرۆک (چیرۆکی خورافی ، چیرۆکی ئاسایی)
- گۆرانی
- پەند و قسەی نەستەق
- گاڵتە و گەپ

**سێیەم: ئەدەبی میللی:** هەمان سیما و تایبەتمەندیی ئەدەبی سەرزاری (فۆلکلۆری) هەیە، تەنیا لەوەدا جیاوازە کە ئەدەبی میللی خاوەنەکەی دیارە و ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەنی دیار نییە.

### ٣. ڕەگەزەکانی ئەدەب:

**گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەدەب بریتیین لە:**

**١. سۆز:** گڵپەیەکە دەکەوێتە دڵ و ڕایدەچڵەکێنێت، یان سەرچاوەیەکی ڕوونە و لەناو دڵەوە هەڵدەقوڵێت.

**٢. ئەندێشە (خەیاڵ):** یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان ، لەبەر ئەوە دەڵێن ئەگەر ئەندێشە نەبێت، ئەدەب نابێت، چونکە ئەگەر ئەندێشە نەچێ پەیکەری بۆدروستبکا و پاشان وشەکانیش دەری ببڕن، وشە بە تەنها ناتوانێت ئەو گوزارشتە بکات و کاریگەری هەبێت بەبێ ئەندێشە .

**٣. بیر:** بیر و بۆچوونی نووسەر دەردەخات، لە چوارچێوەی ئەو نووسراوە ئەدەبییەی کە دەیخاتەڕوو.

**٤. شێوە (شکل):** ئەو قالبەیە، یان ئەو وشە و ڕستە ڕێکانەیە کە سۆز و ئەندێشە و بیری تێدا دادەڕژێ.

**٤- هونەرەکانی ئەدەب:**

**ئـ-شیعر**

**پێناسەی شیعر:**

سوکرات دەڵێت: شیعر جۆرێکە لە خورپەی ئاسمانی هێزێکی ئەفسووناوی هەیە، چونکە شاعیر هەست دەوروژێنێت و بەهێزیدەکات، لەلایەکی تریشەوە ئاوەز و هۆش بێهێز دەکات. بە لای ئەفلاتونیشەوە شیعر لاساییکردنەوەی سروشتە و لەم بارەوەیەوە سێ جیهان جیادەکاتەوە:

**١.جیهانی نموونەیی (ئایدیال):** کە بارەگای بەرزی هەموو شتەکانە.

**٢.جیهانی هەستپێکراو:** کە لاساییکردنەوەی جیهانی نموونەییە.

**٣.جیهانی سێبەر و وێنە و کارە هونەرییەکان:** کە لاساییکردنەوەی شتەکانی جیهانی هەستپێکراوە.

بە بۆچوونی ئەفلاتون شاعیران کە شیعر دەنووسن، لاسایی جیهانی هەستپێکراو دەکەن کە ئەمیش خۆی لاساییکردنەوەی جیهانی نموونەییە. کەواتە شاعیران بەلای ئەفلاتونەوە دوو هەنگاو لە حەقیقەت دوور دەکەونەوە. هەروەها ئەفلاتوون هەمان بۆچوونی سوکراتی مامۆستای هەیە، کە شاعیران هەست و سۆز بەهێز دەکەن و ئاوەز و هۆش بێهێز دەکەن، بۆیە لە (کۆمارەکە)ی خۆی جێیان ناکاتەوە و وەدەریان دەنێت.

بەڵام بۆچوونی ئەرستۆ تەواو پێچەوانەی ئەفلاتونی مامۆستایەتی، ئەرستۆ شاعیر بۆ ئاستی فەیلەسووف و بەرزدەکاتەوە لە مێژوونووسیش بە بەرزتری دادەنێت، چونکە مێژوونووس باسی شتێک دەکات کە لە رابردوودا ڕوویداوە بەڵام شاعیر باسی شتێک دەکات، کە بۆی هەیە، لە داهاتوودا ڕوبدات. (هۆراس)ی ئیتاڵیش پێیوایە، کە شیعر وێنەکێشان و لاساییکردنەوەیە و پێویستە شیعر سیحرێکی هەبێت و هەستی گوێگر بۆ خۆی ڕابکێشێت. هۆراس پێیوایە مەبەستی شاعیران سود بەخشین یان چێژبینینە.

عەرەبەکانیش شیعر بەوە پێناسە دەکەن، کە قسەیەکی کێش و سەرواداره، (قودامەی کوڕی جەعفەر) دەڵێت:" الشعر قول مقفى يدل على المعنى.

**جۆرەکانی شیعر:**

**١.شیعری گۆرانی (لیریک):** یەکەمین جۆری شیعرە و لە دڵ و دەروون و ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت. پێشتر لەگەڵ ئامێرێکی مۆسیقیدا دەگوترا کە پێی دەگوترا (لیر). ئەم جۆرە شیعرە سۆزێکی خەستی تێدایە و کەسایەتی شاعیر تێیدا ڕەنگدەداتەوە و لەسەر دوو بنەما بەندە: (ئاواز و سۆزێکی بەهێز).

**٢.شیعری داستانی:** شیعیرێکی چیرۆک ئامێزە. پشت بە شێوازی گێڕانەوە دەبەستێت. سەرگوزشتەیەک دەگێڕێتەوە کە بە ژیانەوە بەستراوەتەوە، ڕاستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکە دێنێتە دەرەوە، وێنەی قارەمانییەتی و ئازایەتی مرۆڤ پیشاندەدات، لەگەڵ خەیاڵدا تێهەڵکێش دەکرێت و تا ڕادەیەک کەسایەتی نووسەر دەرناکەوێت، وەک داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسا)ی هۆمیرۆس و (گلگامش) ...هتد. دوو جۆر داستان هەیە:

**ئـ- قارەمانییەتی:** باس لە ئازایەتی دەکات وەک داستانی قەڵای دمدم.

**ب-دڵداری:** باس لە ئەڤین و خۆشەویستی دەکات وەک داستانی مەم و زین.

**٣.شیعری درامی:** ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەنووسرێت تا لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت. کار و جوڵەی تێدایە و ڕووداوەکان بە شێوەی گفتوگۆ لەسەر زاری کارەکتەرەکان دەخرێنەڕوو. دراما دوو بەشە:

**ئـ-تراژیدیا:** ڕووداوێکی بەزەیی بەخشە. بە مەرگ یان ڕووداوێکی ناخۆش کۆتایدێت. ئاستی گفتوگۆ بەرزە و کەسەکانیش لە چینی باڵای کۆمەڵن.

**ب-کۆمیدیا:** گاڵتەپێکردنێکی ڕەخنەگرانەیە، گفتوگۆ تێیدا سادە و ڕەوانە. کەسەکانیش لە چینی خوارەوەی کۆمەڵن.

**٤-شیعری فێرکردن:** تەنیا بە مەبەستی فێرکردن دەنووسرێت، سۆز و خەیاڵی تێدا نییە، تەنیا شێوە و ناوەرۆکە. هسیود کە شاعیرێکی کۆنی یۆنانە لە (٨٠٠ )پ. ز یەکەم شیعری لە بارەی چاندنەوە نووسیوە. لەلای عەرەبیش (ئیبن مالک) هەموو ڕێزمانی عەرەبی لە هەزار دێرە شیعردا نووسیوەتەوە بە ناوی (ألفیە ابن مالک – هەزارەی ئیبن مالیک). لە ئەدەبی کوردیشدا، ئەحمەدی خانی (نەوبەهار)ی نووسیوە و شێخ مارفی نۆدییش (ئەحمەدی) یەکەی بۆ کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی نووسیوە بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی.

### کورتەیەک لە مێژووی ئەدەبی کوردی :

ئەدەب لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە شیعر و پەخشانە، ئەدەبی کوردیش وەک ئەدەبی میللەتانی تری دنیا سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە و ماوەیەکی زۆر درەنگتر پەخشانی کوردی هاتۆتە ئاراوە. کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە چەند سەدەیەک پێش ئیسلام ناوی لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی ناوچەکەدا هاتووە، بەڵام هەر لە کۆنەوە ژێر چەپۆکی ئەم و ئەو بووە و نەیتوانیوە بەرهەمی بیری شارستانیەتی خۆی بپارێزێ ئەگەر مێژوو زۆر بەرهەمی (یۆنان و ڕۆمان و عەرەبی) پاراستبێت، ئەوا باری جوگرافی و ئەو ڕووداوە مێژوویانەی بەسەر کورد هاتوون ماوەیەکی زۆر لە دەوڵەتی تایبەت بە خۆی بێبەشی کردوون و ئەمەش بووە بەهۆی لە ناوچوونی کەلەپووری کۆنی کوردی، هەندێ لێکۆڵینەوە سەرەتای زمان و ئەدەبی کوردی بۆ کتێبی ئاینی (ئاڤێستا)ی زەردەشت

دەگەڕێنەوە، ئاینی زەردەشت ئەو ئاینەیە کە کورد و فارس بڕوایان پێهێناوە و لە سەری ڕۆیشتوون، بەڵام ئەم ڕایەش هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. لەبارەی سەرەتای هاتنە ئارا و دەرکەوتنی شیعری کوردییەوە، ڕۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ (ڤیلا میتو) بەردەنووسێکی لە ئێران دۆزیوەتەوە کە دوو دێری شاعیرێکی لە سەرە بەناوی (بۆرایوڤ) کە ساڵی (٣٣٠) پ.ز لە ژیاندا بووە. حوزنی موکریانی (١٩٣٠)ز شیعرێکی بەزاری کرمانجی بڵاوکردۆتەوە، کە باسی شێواوی ناوچەی شارەزور دەکات بەدەست هێرشی عەرەبەکانەوە. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) باسی (خەلیلی مەندەلی) دەکات کە ساڵی ٢٠ی کۆچی مردووە و لە مەندەلی نێژراوە، بەڵام هیچ بەرهەمی نەماوە. جگە لەوە (بابە ڕوخی هەمزانی ) کە لەسەرەدەمی سەدەی نۆیەمی زاینیدا ژیاوە پارچە شیعرێکی لەدوا بە جێ ماوە کە لەکاتی شۆڕشەکان (جەعفەر بن حسن کوردی ) دا دژی خەلیفەی عەباسی (المعتصم بالله) نووسیویەتی، صدیق بۆرەکەیی لە شاعیرە کوردەکانی دوای ئیسلام زۆر ناوی هێناوە و نموونەی شیعری هەیە، بەڵام بۆ هیچ یەکێکیان بەڵگەی زانستی بەدەستەوە نییە، شاعیرەکانی وەک (بالولی ماهی، بابە لورەی لوڕستانی، بابەحەتەمی کوردستان، بابەسەرهەنگی دەوران)، تا دەگاتە (باباتاهیری هەمەدانی) هیچیان بە بەڵگەی زانستی زۆر بەهێز نەسەلمێنراوە، باباتاهیر یەکەم شاعیری کوردە دوای ئیسلام کە بەرهەمێکی زۆری هەبووە و هەمووی بە کێشی عەرووز نووسراوە، لە دیالێکتی گۆران یەکەم شاعیر (مەلا پەرێشانە) کە دیوانێکی شیعری بە کێشی خۆماڵی دە بڕگەیی هەیە، لە دیالێکتی کرمانجی باکووریش یەکەم شاعیری گەورە (مەلای جزیریە) کە لەسەدەی( ١٥) دا ژیاوە و هەموو شیعرەکانی لەسەر کێشی عەرووزە و کاریگەریی کێشی شیعری فارسی پێوە دیارە، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستیشدا (نالی و سالم و کوردی) بەردی بناغەی شیعری کوردییان دانا بە کێشی عەرووزیی. د. مارف دەڵێ: ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی پەیدابووە، ڕاستە دەبێت سەرەتاییێکمان هەبێت بۆ ئەدەبی کوردی بە گشتی، بەڵام دیارە ئەدەبی هەر دیالێکتێکیش سەرەتای خۆی هەیە، چوارینەکانی باباتاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن. بە شێوەیەکی گشتی، بلیمەتیی باباتاهیر لە گەڵ بیروباوەڕی ئاینی یارسان و سۆفیزمی گەردوونیی (کۆزمۆسی) و گۆرانی میللی ناوچەیی دوو بەیتەکانیان دروستکردووە، شیعری ئاینی و لیریکی (غنائی ) لە دیالێکتی گۆراندا کۆنترین شیعری زمانی کوردییە، شیعری ئاینی و لیریکی لە دیالێکتی کرمانجی سەرووداا لە پاش جەنگی چاڵدێران (١٥١٤)ز لە پێش دا بە شێوەی شیعری میللی و دواتر شیعری نووسراوی بەرز بڵاوبۆتەوە، شیعری لیریکی (غەزەل و قەسیدە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووداا لە پاش بنیاتنانی پایتەختی میرنشینی بابان پەیدابوو. ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندن و گۆڕانی ئەدەبی کوردی لە دوارۆژدا.

**ب-پەخشان**

قسەیەکی گەیەنەرە و زمانی ئەقڵ و ژیرییە، دوورە لە کێش و سەروا، ئەگەر سەرواشی هەبێت کەمە، لە زمانی عەرەبیدا بە سەروای پەخشان دەوترێت (سجع)، وەک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

**پەخشان دوو جۆرە:**

**١.پەخشانی زانستی:** کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕاستییە زانستییەکان دەخاتەڕوو، پێویستیی بە هەڵبژاردنی وشە و داڕشتنی جوان و خەیاڵ و ڕەوانبێژی نییە. واتە نابێت وشە و زاراوەکان فرە واتا و تەم ومژاویی بن بەڵکو پێویستە واتاکانیان ئاشکرابێت و لەلایەن زانایانەوە پەسەندکرابن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، کە کەسێتی و بیروباوەڕی نووسەر بە هیچ شێوەیەک تیایدا ڕەنگناداتەوە. وەک کتێبەکانی ( فیزیا و کیمیا و زیندەزانی و بیرکاری ... هتد).

**٢.پەخشانی هونەری:** سەر بە ئەدەبە و لە نووسینی سیاسی یان ئابووری یان هەواڵی ڕۆژنامەدا بەکاردێت. لە داڕشتندا پوخت و لە بیرو لێکدانەوەدا بەسۆز و هەست بزوێنە. نووسەر قوڵایی دەروونی خۆی دەردەبڕێت و لە تێڕوانین و سەرنجی تایبەتیی خۆیەوە دەڕوانێتە ژیان و کۆمەڵ و سروشت. وەک چیرۆک و ڕۆمان وتار و شانۆگەری. پەخشانی هونەریش چەند جۆرێکە:

**وتار:** نووسنێکی ئەدەبییە، لاپەڕەیەکی دیاریکراوی ژیان لەخۆدەگرێت و بابەتێکی بەرتەسک و هەنوکەیی ژیان لێکدەداتەوە، وەک وتاری( کەسی، کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی).

**ژیاننامە:** وەرگێڕانی یان نووسینی ژیانی مرۆڤێکە لە میانەی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆ و پرشنگداری ژیانی خۆی و کۆمەڵ. ژیاننامە دوو جۆرە:

**١.ژیاننامەی کەسی**: کە نووسەر تەنیا باسی ژیانی خۆی دەکات. وەکو (لە کوێوە بۆ کوێ) کە ژیاننامەی مامۆستا هێمن موکریانییە و بە قەڵەمی خۆی نووسراوە و لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕوندا نووسراوە.

**٢.ژیاننامەی بابەتی:** نووسەر باسی ژیان کەسێکی تر دەکات. وەکو زۆربەی ژیاننامەی شاعیرانی کورد کە لە کتێبەکانی زمان و ئەدەبدا هەن، کە کەسانی تر و لێکۆڵەران نووسیویانەتەوە.

-**خوتبە (دواندەری):** بریتییە لە هونەری قسەکردن لە پێناو قایلکردن و کارتێکردن بەکاردێت، وەک خوتبەی (دادگەری، رامیاری، ئاینی و فێرکردن). چەند مەرجێکیش هەیە، کە پێویستە لە کەسی وتاربێژ (خەتیب) هەبێت:

١.زمانی پاراوبێت.

٢.دەنگی بەرزبێت.

٣.توانای کۆنترۆڵکردن و سەرنجراکێشانی بەرامبەری هەبێت.

-**چیرۆک و ڕۆمان:** گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی یەک لە دوای یەکە، کە بەسەر کەسێک یان چەند کەسێکدا دێت و تێدەپەڕێت.

-**گاڵتە گەپ:** چیرۆکێکی کورتی گاڵتەئامێزە، دەچێتە خانەی (تەنز)ەوە. بەمەبەستی ڕەخنە لە هەموو بوارێکی نالەبار و ناهەموار دەگرێت و پەردە لەسەر هەموو کەموکورتییەکان لادەدات، لەلای هەر میللەتێک بەناوی چەند کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە: بۆ نمونە: (خاڵە ڕەجەب، لالە سەرحەد، ئەحەی کرنوو، کفر ئەحمەد).

-**پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:** ڕستەیەکی کورتە، لە ئەنجامی ڕووداو و ئەزموونێکی گەورەوە هاتووەتە ئاراوە و لە ڕووداو و بۆنەی هاوشێوەدا بەکاردێت. بۆ نموونە:

ئاسنی سارد دەکوتێت.

ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە.

-**شانۆگەری:** چیرۆکێکە بۆ نواندن ئامادە کراوە، یان دەقێکی نمایشکراوە، کە ڕووداو و کات و شوێن ڕۆڵی تێدادەبینێت و هەست و سۆز و جوڵەش بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان**

| ز | شیعر | پەخشان |
|---|---|---|
| ١ | بەرهەمی سۆز و ویژدانە | بەرهەمی عەقڵ و ژیرییە |
| ٢ | کێشی هەیە | کێشی نییە |
| ٣ | سەروادارە | بێ سەروایە یان نییە ئەگەر هەشیبێت کەمە |
| ٤ | ڕەوانبێژی تێدایە | ڕەوانبێژی تێدا نییە |
| ٥ | کورت و چڕ و پڕ واتایە | پەرشوبڵاو و درێژدادڕە |
| ٦ | وشەکان پاش و پێش دەکرێن | وشەکان پاش و پێش ناکرێن |
| ٧ | بە چەند جۆرێک دەنووسرێت | بە یەک شێوە و بە پەرەگراف دەنووسرێت |

**پەخشانی کوردی:**

یەکەم پەخشانی کوردی لە لایەن (عەلی تەڕەماخی) بییەوە لە ساڵی (١٠٠٠)ی کۆچی نووسراوە. کە بریتییە لە کتێبی (دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی). واتە ڕێزمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. دواتر لە سەدەی نۆزدەدا، مەلا مەحمودی بایەزیدی کتێبی (عادات ڕسوماتنامەی ئەکرادییە)ی بە دیالێکتی کرمانجی سەروو نووسیوە. هەر لە سەدەی نۆزدەدا، (عەقیدە) کوردییەکەی

مەولانا خالید و مەولودنامەکەی (شێخ حوسێنی قازی) نووسراوە. شێخ حوسێنی قازی (١٧٩١– ١٨٧٠)ز خەڵکی سلێمانییە و لە سلێمانیش ژیاوە، هاوچەرخی (شێخ مارفی نۆدێی)ە، مەولودنامەکەی یەکەم پەخشانی کوردییە کە بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست نووسرابێت. گەلێک زاراوەی فەلسەفی و ئاینی بەکارهێناوە و زمانەکەشی هەر ئەو زمانەیە کە ئەدەبیاتی (کلاسیک)ی کوردی لەو سەردەمەدا پێ نووسراوە.

ئەگەر سەرنج بدەین، هەموو ئەم هەوڵانە، هەوڵی تاکە کەسین و جێگای ڕێزن، بەڵام پچڕپچڕن و بەردەوام نین، هەتا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، لە (٤/٢٢/ ١٨٩٨)ز لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان ڕۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی میسر دێتە ئاراوە و دەبێتە بناغەی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئیتر لێرەوە مێژوویەکی دەوڵەمەند و چەسپاوی پەخشانی کوردی دروستدەبێت و تا ئەمڕۆش بەردەوام لە برەوسەندن و پێشکەوتندایە و بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دانراوە.

**ڕێبازەکانی ئەدەب:**

**گرنگترین ڕێبازەکان:**

**١.کلاسیک:** ئەدەبی کۆن دەگرێتەوە، جەخت لەسەر ڕووی دەرەوەی (فۆرم) دەقی ئەدەبی دەکاتەوە، لە ڕێگای ئەدەبی عەرەبی و فارسییەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. شیعری کلاسیکی پشت بە کێشی عەرووزی عەرەبی دەبەستێت، کە (١٦) کێشە و لە لایەن (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) دانراوە. ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

-گرنگیی بە نایابیی و ڕۆنان و ڕوونبێژی لە دەربڕیندا دەدات. واتە زمانی ئاڵۆز و قورسە.

-پشت بە ئاوەز و هۆشی هاوسەنگ و دەبەستێت.

-گرنگی بە کۆمەڵ دەدات بە تایبەتیش چینی خانەدان و سەرەوە. تاکیش هەر لە چوارچێوەی کۆمەڵ حیسابی بۆ دەکرێت، ئەگەر نا وەک تاک جێی بایەخ نییە.

-دەستەڵاتی سۆز کەمدەکاتەوە یان بایەخی پێنادات و زێدەڕۆیی تێدا ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات لەگەڵ بیرکردنەوەدا ئاوێتەی بکات.

-زیاتر گرنگیی بە هونەرەکانی رەوانبێژی و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی عەرەبیی و فارسی دەدات.

-بنەماکانی بریتیین لە (کێش و سەروا و رەونبێژی) و سیماکانیشی بریتیین لە (یەکێتی کێش و سەروا).

-لە شیعریی کلاسیکییدا، جگە لەوەی دەقەکە خۆی یەکێتیی بابەتی تێدایە، بەڵام یەکێتی بابەت لە تاکە دێڕێکدا کۆبووەتەوە، زۆر جار هەر دێڕێک دەربکەین یان جێگۆڕکێی پێ بکەین کاریگەری لەسەر دەقەکە نابێت.

-چەند قاڵبێکی شیعریی هەیە وەک (قەسیدە، غەزەل، پارچە، مولەمەع، موستەزاد، چوارین، پێنجین، پێنج خشتەکی، تاک، تەرکیببەند  و تەرجیع بەند).

**٢.ڕۆمانتیک:** هەوڵی ڕزگاربوون دەدات لەو کۆت و بەندانەی خراونەتە ملی ئەدیب و هونەرمەندان. ڕۆمانتیک گواستنەوەی ڕووی ناوەوەیە، بەلای ڕۆمانتیکەوە شیعری ڕەسەن ئەو شیعرەیە کە بایەخ بە دەربڕینی هەست و سۆز بدات. (شیلی) دەڵێت: ڕۆمانتیک گوزارشتکردنە یان دەربڕینی خەیاڵە. ڕۆمانتیک ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

-بەربەرەکانیی لەگەڵ ڕێبازی کلاسیک.

-گرنگیی بە سادەیی ڕۆنان دەدات، واتە زمانی دەربڕینی سادەترە.

-زیاتر دۆخێکی دەروونییە وەک لەوەی ڕێبازێکی ئەدەبیی بێت، هەر بۆیە پێیوایە کە گەورەیی مرۆڤ لە ئازار چەشتنیەتی.

-هاوکات شیعریش دەربڕینە لەو ئێش و ئازار و دۆخە دەروونییە.

-گرنگیی بە تاک و کێشەکانی دەدات و لە پرسە گشتییەکان دووردەکەوێتەوە.

-بابەتەکانی زیاتر لە چوارچێوەی خۆشەویستیی و ئازار و غەم و داد و فیغان دەخولێتەوە.

-بایەخی زۆر بە سروشت دەدات.

**٣.ریالیزم:** لە دوای ریبازی رۆمانتیکەوە دێت و بایەخ بە ژیانی کۆمەڵگا دەدات. رەخنە لە دیاردە دزێو و چەوتەکانی ناو کۆمەڵگا دەدات و کێشەکان دەخاتەڕوو، بە مەبەستی چارەسەرکردن یان لەناوبردنیان. ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

-وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕێبازی ڕۆمانتیک هاتە ئاراوە.

-گومانی لە باشی مرۆڤ هەیە.

-باوەڕی بە گەشبینی هونەرمەند لەگەڵ داکەوتە (واقیعدا) هەیە.

-تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگا جۆراوجۆرە، لەنێوان بە کەمزانی و گاڵتەپێکردن هەتا بێزاری و چارەسەرکردن.

-چەندین جۆری هەیە وەک (فۆتۆگرافیی، ڕەخنەیی، سۆسیالیستی، سیحری ... هتد).

**ڕۆژنامەگەریی کوردی:**

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخانەوە) لە ( ١٨٩٨ /٤/٢٢ )ز دەرچووە. دواتر لەلایەن عەبدولرەحمان بەدرخانی برایەوە بەڕێوەبراوە. بەڵام لەبەر هەڕەشە و گوڕەشەی عوسمانییەکان لە چەندین شوێنی جیاوازی دونیا دەرچووەە، وەک (جنێف و فۆلکستۆن و لەندەن). (٣١) ژمارەی لێ دەرچووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

-ژمارە (١-٥) لە قاهیرە میقداد بەدرخان سەرنووسەری بووە.

-ژمارە (٦-١٩) لە جنێف دەرچووە.

-ژمارە (٢٠-٢٣) لە قاهیرە دەرچووە.

-ژمارە (٢٤) لە لەندەن دەرچووە.

-ژمارە (٢٥-٢٩) لە فۆلکستۆن لە باکووری ئینگیلتەرە دەرچووە.

-ژمارە (٣٠-٣١) لە جنێف دەرچووەتەوە و عەبدولڕەحمان بەدرخان سەرنووسەری بووە.

**ئـ-تورکیا:**

-بڵاوکراوەی (تەعاون و تەرەقی کورد) لەلایەن جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کوردەوە بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینییەوە ساڵی ( ١٩٠٨ )ز دەرچووە.

-(ڕۆژی کورد) ساڵی(١٩١٢)ز لەلایەن ڕێکخراوی (هێڤیی)ەوە دەرچووە کە کۆمەڵێک خوێندکاری کوردبوون لە ئەستانبوڵ پێکیانهێنابوو.

-(هەتاوی کورد)، دوای ڕاگرتنی ڕۆژی کورد ساڵی(١٩١٣)ز هەر لەلایەن ڕێکخراوی هێڤییەوە دەرچووە. بە زمانی تورکی و هەردوو دیالێکتی کرمانجیی باکوور و باشوور دەرچووە.

-ژین، ساڵی(١٩١٨)ز دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی لەلایەن جەمعییەتی تەعالی کوردستانەوە دەرچووە.

**ب-ئێران:**

-گۆڤاری (نیشتیمان)، زمانحاڵی پارتی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) بووە و یەکەم ژمارە بە زمانی کوردی و بە پیتی عەرەبی لە شاری مەهاباد لە حوزەیرانی ١٩٤٣ دەرچووە و دوا ژمارەشی لە ئەیلوولی ١٩٤٥ دەرچووە.

-گۆڤاری (هەلاڵە)، لە ٢١ی ئاداری ١٩٤٦ دەرچووە، زمانحاڵی هاوبەندی لاوانی کوردستان بووە" لە شاری بۆکان تا حوزەیرانی هەمان ساڵ بەردەوام بووە.

-گۆڤاری (هاواری نیشتیمان) و (گڕوگاڵی مندالان)، بەدرێژایی ماوەی کۆماری کوردستان بەردەوام بوونە.

-لە کۆتایی هەشتاکان سەدەی بیستەمدا، گۆڤاری (سروە) لە لایەن شاعیری گەورە (هێمن موکریانی) دەرکراوە، چەندین ساڵ بەردەوام بوو. هەروەها گۆڤاری (ئاوێنە)ش دەردەچوو، بەڵام ئێستا هیچ یەکێک لەوانە دەرناچن. لە ئێستاشدا لە شاری مەهاباد گۆڤارێک بە ناوی (مەهاباد) دەردەچێت کە گۆڤارێکی هەمەڕەنگە.

**پ- شام:**

-گۆڤاری (هاوار) گۆڤارێکی ئەدەبی بوو دوو هەفتە جارێک دەرچووە. لەلایەن میر (جەلادەت بەدرخان) لە ١٩٢٣/٥/١٥ بە زمانی عەرەبی و کوردی و بە پیتی لاتینی دەرچووە، لە ماوەی ساڵێکی تەمەنی (١٤) ژمارەی لێ دەرچووە.

-(روناهی) گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانە بوو بە پیتی لاتینی و بە بنزاری بۆتانی لە لایەن جەودەت بەدرخانەوە لە دیمەشق یەکەم ژماری لە تشرینی یەکەمی ( ١٩٤١ )ز دەرچووە و تا( ١٩٤٦ )ز بەردەوام بوو.

-گۆڤاری (ڕۆژا نو)، گۆڤارێکی وێژەیی هەفتانە بوو مامۆستا (کامەران بەدرخان) لە (بەیروت) بە پیتی لاتینی و بە زاری بۆتانی لە ٣ی ئاداری( ١٩٤٣)ز دەریکردووە و تاکو( ١٩٤٦)ز بەردەوام بوو.

-گۆڤاری ستێر، گۆڤارێکی ئەدەبی هەفتانە بووە، لە لایەن کامەران بەدرخانەوە بە پیتی لاتینی و زاری بۆتانی لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە دیمەشق بڵاوکراوەتەوە، هەتا ساڵی ١٩٤٥ بە هاوکاری فرەنسییەکان بەردەوام بووە و هەندێ جاریش بە زمانی فرەنسی وتاری بڵاوکردۆتەوە.

**ت-عێراق:**

-(بانگی کورد) یەکەمین بڵاوکراوەی کوردییە، لە ساڵی( ١٩١٤ )ز لەلایەن (جەمال بابان)ەوە یەکەمین ژمارەی لێ دەرچووە. بابەتەکانی بە هەردوو زمانی تورکی عوسمانی و کوردی بوون.

-(تێگەیشتنی ڕاستی) ساڵی ١٩١٨ کاتێک ئینگلیز لە عێراق دەستەڵاتی بەهێزبوو، لە بەغدا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بەسەرپەرشتی (مێجەرسۆن) شوکری فەزلی دەریدەکرد. ئینگلیز ڕۆژنامەکەی زیاتر بۆ پڕوپاگەندەی شەڕ بەکاردەهێنا. دوای کۆتاییهاتنی شەڕ ڕۆژنامەکەش وەستا.

-ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) هەر لە ساڵانی دوای جەنگ (مێجەرسۆن) بوو بە حاکمی سلێمانی، زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند لە ڕێگای دەرکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)  کە بە زمانی کوردی دەریدەکرد، ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە دەوری کۆبوونەوە وەکو (شێخ نوری، جەمال عیرفان و عەلی کەمال باپیر). پێشکەوتن لە(١٩٢٠ تا ١٩٢٢ )ز بەردەوام بوو، (١٤٤) ژمارەی لێ دەرچوو.

-بانگی کوردستان، ساڵی (١٩٢٢) لە سلێمانی هەفتەی جارێک دەردەچوو، (مستەفا پاشای یامولکی) خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بوو. بە زمانی( کوردی و تورکی و فارسی) وتاری بڵاوکردۆتەوە. دواتر دەبێت بە وەزیری مەعاریف (پەروەردە) و لە ڕۆژنامەکە دورکەوتۆتەوەة بەڵام لە دوای شەڕی (شێخ مەحمود) لەگەڵ ئینگلیزەکان هەتا ساڵی( ١٩٢٦) بەشێوەیەکی پچڕپچڕ دەریکردووە.

-(ڕۆژی کوردستان) زمانحاڵی (حکومەتی کوردستان) بوو بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحمود)، بە سەرپەرشتی (عەلی کەمال باپیر) لە( ١٩٢٢ تا ١٩٢٣)ز یازدە ژمارەی لێ دەرچووە پاشان بەهۆی فشاری ئەنگلیز ڕاگیراوە.

-(بانگی حەق) یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان بووە بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحمود)، ساڵی( ١٩٢٣ ) لە ئەشکەوتی (جاسەنە) لە ناوچەی سورداش (٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ئومێدی (ئیستیقلال) بڵاوکراوەیەکی لایەنگری شێخ مەحمود بووە. پاش کشانەوەی کاتیی ئینگلیز لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٢٤ (٢٥) ژمارە لێ دەرچووە.

- (ژیانەوە) ساڵی لە ( ١٩٢٤)ز لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە بە سەرپەرشتی ئینگلیز هەفتەی جارێک دەرچووە.

-ڕۆژنامەی (ژیان) ساڵی( ١٩٢٦ – ١٩٣٨)ز وەک بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی لە سلێمانی دەرچووە، پیرەمێردی شاعیر سەرپەرشتیی کردووە، دواتر لەبەر ناکۆکی نێوان پیرەمێرد و کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی سلێمانی ڕاگیراوە.

-ڕۆژنامەی ( ژین) دوای داخستنی ڕۆژنامەی ژیان، پیرەمێرد مافی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تر لەسەر حیسابی خۆی وەردەگرێت، بە ناوی ڕۆژنامەی ژین، هەروەها چاپخانەی ژین دادەمەزرێنێت. دوای مردنی پیرەمێردیش (جەمیل سائیب و نوری عەلی ئەمین و گۆران و ئەحمەد زرنگ) تا ساڵی( ١٩٦٣) سەرپەرشتی دەرچوونی ڕۆژنامەکەیان کردووە دواتر ڕاگیراوە.

-گۆڤاری (زاری کرمانجی) ساڵی( ١٩٢٦) لە ڕەواندز لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە دەرچووە. گیو موکریانی برای بەڕێوەبەری بووە.

-(ڕوناکی) گۆڤارێکی هەفتانە بووە، ساڵی ()١٩٣٥ لە هەولێر دەرچووە. (حوسێن حوزنی موکریانی) سەرنووسەری بوو. هەتا ساڵی ١٩٣٦( یازدە) ژمارە لێ دورچووە.

-گەلاوێژ، ساڵی (١٩٣٩ –)ز لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە بە هاوکاری عەلائەدین سەجادی لە بەغدا دەرچووە. ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە بووژانەوەی ئەدەبیاتی کوردیدا بینیوە.

-(خەبات) ڕۆژنامەی زمانحاڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو، یەکەم ژمارەی لە (٤)ی ئاداری (١٩٥٩) لە بەغدا دەرچووە و دوو ساڵ بەردەوام بوو.

-(ئازادی) رۆژنامەیەکە زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراقی بوو لە ئایاری ( ١٩٥٩)ز لە کەرکوک یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە.

-لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا (بیستەم)، چەندین رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەردەچوون و هەتا ڕاپەرینیش بەردەوام بوون، وەک (ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ڕۆژنامەی بزاڤ لە دهۆک بە بادینی دەردەچوو، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ، گۆڤاری ڕەنگین، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا).

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ زاینییشدا، وێڕای دەیەها ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسیی و ئەدەبیی و فیکریی دیکە دەرچوون و هەندێکیان تا ئێستاش هەر بەردەوامن. لەوانە ڕۆژنامەکانی (برایەتیی، کوردستانی نوێ، ئاڵای ئازادی، هەرێم ڕێگای کوردستان ، میدیا ...هتد). لە گۆڤارەکانیش (کاروان، ڕامان، گەلاوێژی نوێ، سەردەم ... هتد).